# بارگرانی و لێکەوتەکانی ئابوری سەربەخۆ

## لە رووی (یاسایی، دارایی و ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتی)یەوە

دامەزراوەی میدیایی درەو

ساڵی ٢٠٢٣

## دامەزراوەی میدیایی درەو

دامەزراوەیەکی میدیایی ئەهلی ئازادە، پێکدێت لە سایتی درەو، بەشی سازدانی دیبەیت،بەشی ئامارو راپرسی، هاوکات ریکلام و راوێژکاری بواری هەڵبژاردن، ئەم دامەزراوەیە هەوڵێکە بۆ مۆدێلێکی نوێی کاری میدیایی و راگەیاندنی ئەهلییو ئازاد.

ئامانجەکانی دامەزراوەکە؛

1. بەرجەستەکردنی مۆدیلێکی نوێی کاری میدیایی ئەهلیی و سەربەخۆو ئازاد.
2. بەرەوپێشبردنی بنەماکانی دیموکراسییەت بە مەبەستی پێشکەشکردنی کاری رۆژنامەوانی بابەتیانە و سەربەخۆ و پیشەیی، لە پێناو دروستکردنی گوتاری عەقلانی و دۆزینەوەی رایەڵەی هاوبەشیکردنی کار بۆ بەرجەستەکردنی ئاشتەوایی و بەیەکەوەژیانی ئاینی و سیاسی و کۆمەلایەتی .
3. چاودێریکردنی پرۆسەی سیاسیی و حوکمڕانیی وەک ئەرکێکی بنەمایی دەسەلاتی میدیا.

# پێڕست


سەرەتای قەیرانەکە ........................................................................................ 7

یەکەم؛ خۆدزینەوە لە یاسای بودجە و سەرهەڵدانی بۆشایی یاسایی ...................... 9

دووەم: وەستانی پرۆژەکان، پاشکەشەی وەبەرهێنان و مایەپوچبوونی سەرمایەداران13

سێیەم: زیانە داراییەکانی هەناردەکردنی نەوت بەراورد بە پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق ................................................................................ 15

چوارەم: کەڵەکەبونی قەرزە گشتیەکان ............................................................ 19

پێنجەم: بەرزبوونەوەی ڕێژەی (گومرگ و باج و رەسم)....................................... 35

شەشەم: کاریگەری ئابوری سەربەخۆ لەسەر موچە خۆرانی هەرێمی کوردستان........ 49

حەوتەم: بەرزبوونەوەی نرخ و دابەزینی داهاتی تاک و بێکاری لە هەرێم .............. 55

هەشتەم: لاوابوونی متمانەی سیاسی و دابەزینی ئاستی بەشداری لە هەڵبژادن ........ 63

نۆیەم: سەرهەڵدانی شەپۆلی کۆچی نایاسایی.................................................. 65

دەیەم: دابەزینی ڕێژەی هاوسەرگیری و بەزبوونەوەی ژمارەی لێکجابونەوەکان....... 71

سەرچاوەکان ................................................................................ 85

## سەرەتای قەیرانەکە

هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندی عێراق نزیکەی (16) ساڵە لەسەر پرۆسەی بەرهەمهێنانو هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە ململانێدان. دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (2007) یاسای نەوتو گازی هەرێمی کوردستانی پەسەندکرد و حکومەتی هەرێمیش دەستی کرد بە ئیمزاکردنی گرێبەستی نەوتی.

لە ساڵی (2014)ەوەو پاش ڕاگەیاندنی ئابوری سەربەخۆ و دەستکردن بە هەناردەکردنی نەوی هەرێم لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کێشەکان پێیان نایە قۆناغێکی نوێوە، هەربۆیە لە کۆتاییەکانی تەمەنی کابینەکەی (نوری مالیکی- سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق) وەکو فشارێک بۆ سەربەخۆ فرۆشتنی نەوتی هەرێم، پشکی هەرێمی کە بودجەی گشتی عێراق ڕاگرا.

دواتر حکومەتی ئەوکاتی عێراق بە سەرۆکایەتی (حەیدەر عەبادی) کە لە (8ی ئەیلولی 2014) پێکهات، هیوایەکی تری بە خەڵکی هەرێمی کوردستان بەخشی، کە دەتوانێت کۆتایی بە بڕینی پشکی بودجەی هەرێم بهێنێت، بەتایبەت کاتێک کە وەزارەتی نەوتی عێراق بە (عادل عەبدولمەهدی) "دۆستی کورد"سپێردرا.

عادل عەبدولمەهدی ڕۆڵی ئیجابی بینی لە ئیمزاکردنی ڕێکەوتنی (2014/11/13)ی نێوان هەولێر و بەغدا، کە دواتر ئەو ڕێککەوتنە لە ناو یاسای بودجەی (2015)ی عێراقدا پەسەندکرا.

بەپێی ئەو ڕێککەوتنە، هەرێمی کوردستان ڕۆژانە (250 هەزار) بەرمیل نەوتی خۆیو (300 هەزار) بەرمیل نەوتی کەرکوک لە ڕێگەی بۆری کوردستان – جەیهانی تورکیەوە ڕادەستی کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) دەکات. لەبەرامبەردا حکومەتی عێراق (17%)ی بودجەی عێراق (یەک ترلیۆن و 200 ملیار) دینار بۆ هەرێمی کوردستان دەنێرێت. هەر بەپێی ڕێککەوتنەکە ئەگەر هەر لایەنێک لەم دوو لایەنە پابەند نەبوو بە ڕێککەوتنەکەوە، لایەنەکەی تر دەتوانێت ڕێککەوتنەکە لای خۆیەوە رابگرێت.

لە سێ مانگی یەکەمی (2015)دا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پاساوی کێشەی تەکنیکی نەیتوانی پابەندبێت بەو بەرپرسیارێتیەی کە بەپێی ڕێکەوتنەکە لە ئەستۆی بوو، کە بریتی بوو لە ڕەوانەکردنی (550 هەزار) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە. بەڵام دوای

ئەنجامدانی چەند کۆبونەوەیەکی هاوبەش، حکومەتی عێراق ڕازیبوو بەوەی ڕێککەوتنەکە بەردەوام بێت، بەمەرجێک دوای ئەو سێ مانگە حکومەتی هەرێم نەوتی زیاتر هەناردە بکات، لەو برەی کە بۆی دیاریکراوە لە ڕێککەوتنەکەدا.

لەو کات بەدواوە نە حکومەتی هەرێم توانیویەتی پابەندی ئەو ڕێککەوتنە یەک لەدوای یەکانەبێت کە لەگەڵ حکومەتی عێراق ئەنجامی داون، نە حکومەتی عێراقیش وەک پێویست پابەندبووەو بەردەوام هەوڵی ئەوەی داوە ڕێ لە سەربەخۆ فرۆشتنی نەوتی هەرێم بگرێت، تا دۆخەکە گەیشت بە ئەمری واقع.

بەڵام هەرگیز حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتی خۆیەوە ئەو بۆشاییە داراییە پڕ بکاتەوە، کە بەهۆی برینی بەشە بودجەی عێراقەوە توشی بوو، بەڵکو لەپاڵ قەیرانی دارایی کۆمەڵێک قەیرانی ئابوری و سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی نوێ سەریان هەڵدا لێرەدا تیشک دەخەینە سەر بەشێک لەو قەیرانانەی کە ئابوری سەربەخۆ پشکداربووە لە هۆکارەکانی رودانیان.

## یەکەم؛ خۆدزینەوە لە یاسای بودجە و سەرهەڵدانی بۆشایی یاسایی

بەشێوەیەکی گشتی بودجەی گشتی بابەتێکی بونیادی و گرنگە، چونکە ڕاستەوخۆ بەستراوە بە ئاستی گوزەرانی هاوڵاتیان لە چوارچێوەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و پاڵپشتی ئابوری و دارایی و خزمەتگوزاری دانیشتوانی هەر ناوچەو وڵاتێک، جگە لەوەی بەستراوە بە پرسی وەبەرهێنانی گشتی و ژێرخانی ئابوری و پرۆژەکانی وەبەرهێنانی تایبەتی، هاوکات بودجەی گشتی ڕۆڵی هەیە لە گەشەسەندنی ئابوری و دید و روئیای ئابوری دەوڵەت بۆ داهاتوو و زاڵبوون بەسەر ئاستەنگ و ئاڵنگارییە ئابورییەکان.

ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە بودجەی گشتی ئەگەر چی بۆخۆی ئامرازێکی ئابورییە، بەڵام بەکارهێنانی کاریگەیری لەسەر کۆی گشتی کەرتی ئابوری جێدەهێڵێت، لە ڕێگەی سوڕی نەختینە (پارە) و چالاکی و جموجۆلی بازرگانی، ئەو کاتانەش زیاتر ڕۆڵی بەدیار دەکەوێت کە کێرفی ئابوری وڵات ڕوو لە دابەزین دەکات.

لەگەڵ ئەوانەشدا پرسی بودجە پەیوەندیدارە بە بەشێکی گەورەی ڕادەی شەفافییەت و گەندەڵی، یان دادپەروەری و نادادی حکومەت و حکومڕانی لە وڵاتدا، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا چاوێکی زۆری ناوخۆی و دەرەکی لەسەرە، سەرباری ئەوەی بەستراوە بە مەسەلەی سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی پرسی ئابوری هەر دەوڵەت و ناوچەیەک لە ڕوی ئابورییەوە، کە ئایا توانیویەتی ئامانجە ئابورییەکانی بپێکێت یان بە پێچەوانەوە نەیتوانییەوە ئیدارەی توانا ئابورییەکانی خۆی بدات، بەراورد بە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ساڵێکی، کە پێویستە لە یاسای بودجە ئاماژەی پێ کرابێت.

بەڵام لەدوای ڕاگەیاندنی ئابوری سەربەخۆ و بە درێژایی دوو کابینەی حکومەت و لە ساڵی (2014)ەوە لە هەرێمی کوردستان شتێک نییە بە ناوی یاسای بودجەوە، لە (10) ساڵدا بە دوو خولی پەرلەمانیش نەیانتوانیوە حکومەت ناچار بکەن بە ڕەوانەکردنی یاساکە، بەمەش داهات و خەرجی لەو ماوە درێژەدا دەکەوێتە ژێر پرسیارو دەرەوەی چاودێری پەرلەمانەوە.

ئەمە لە کاتێکدایە پێش ڕاگەیاندنی ئابوری سەربەخۆ و لە لە نێوان ساڵانی (2007 – 2013) بودجەی هەرێمی کوردستان بە یاسا ڕێکخراوە، ئەوەش پەیوەندیداربووە بە

هاتنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بەغدادەوە، بەپێی سەرچاوەکان ئەو پارانەی دەست حکومەتی هەرێم کەوتووە لە ڕێگەی بەشە بودجەی هەرێم لە حکومەتی فیدراڵ، کە لە ساڵی (2004)ەوە تا ساڵی (2014) بەردەوام بوو نزیکەی (75 ملیار) دۆلار بووە، بەڵام لەدوای ساڵی (2014)ەوە حکومەتی هەرێم سەربەخۆیی ئابوری ڕاگەیاند، حکومەتی عێراقیش بەشە بودجەی هەرێمی ڕاگرت.

بەڵام لە دوای ساڵی (2014)ەوە ئەگەر چی قەیرانی دارایی و ئابوری و سەربازی و سیاسی سەریان هەڵداوە، داهاتەکان لە هەندێک قۆناغدا کەمبوونەتەوە بەڵام مانای ئەوە نییە داهاتەکان سفر بوونەتەوە.

بە درێژایی دوو کابینەی حکومەت و لە کابینەی هەشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کە لە (١٨ی٦ی٢٠١٤) و کابینەی نوێیەم لە (١٠ی٧ی٢٠١٩) متمانەیان لە پەرلەمان وەرگرتووە شتێک نەبووە بە ناوی یاسای بودجەوە، لەم (10) ساڵەدا بە دوو خولی چوارەم و پێنجەمی پەرلەمان نەیانتوانیوە حکومەت ناچار بکەن بە ڕەوانەکردنی یاساکە، بەمەش داهات و خەرجی لەو ماوە درێژەدا دەکەوێتە ژێر پرسیارو دەرەوەی چاودێری پەرلەمانەوە.

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی دزیوەتەوە لە ناردنی یاساکە بۆ پەرلەمان، یاخود هەر بەڕاستی دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان ئەوەی خواستووە کە بەبێ یاسای بودجە، لەدەرەوەی پەرلەمان و چاودێری داهاتی حکومەت کۆبکرێتەوەو خەرجبکرێت؟ لە کاتێکدا سەرچاوەکانی داهات کە بریتین لە؛

- داهاتی ناوخۆ
  - باج و خاڵە گومرگییەکان
  - فرۆشی نەوت و غازی هەرێم
  - قەرزی ناوخۆ
- داهاتی دەرەکی
  - بەشە بودجەی عێراق
  - هاریکاری دەرەکی و هاوپەیمانان
  - قەرزی دەرەکی

ئەگەر چی بەشێکی ئەو داهاتانە توشی وەستان و هەڵبەز و دابەزبوونە، بەڵام هەرگیز حکومەتی هەرێم بێ داهات نەبووە، بەڵکو ژمارەو داتای زۆر لە بەردەستن لەو

بارەیەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات حکومەتی هەرێم خۆی دزیوەتەوە لە بەیاسایی کردنی بودجەو بردنی بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان.

لەپاڵ ئەوەشدا سەرەڕای ئەوەی پەرلەمان هەڵبژێردراوی خەڵکی کوردستانەو پێویست بوو لەسەر پرسی بودجە لە هەرێمی کوردستان بهاتبایەتە سەر خەت، بەڵام کلتوری باڵادەستی دامەزراوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەسەر دەسەڵاتی یاسادانان، وایکردووە پەرلەمان بە کارتۆنی بکرێت و یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی لەدوای یاسادانانەوە لێپرسینەوەیە لە حکومەت، بەڵام نەک هەر نیتوانییەوە لێپرسینەوەی لێ بکات بەڵکو نەیتوانیەوە بیخاتە ژێر چاودێرییەوە کە یەکێکی ترە لە ئەرکەکانی پەرلەمان بەسەر حکومەتەوە. بەپێچەوانەوە پەرلەمان لەو ماوەیەدا توشی سزاش بووەو داخراوە لەلایەن حکومەتەوە.

## دووەم: وەستانی پرۆژەکان، پاشکەشەی وەبەرهێنان و مایەپوچبوونی سەرمایەداران

وەبەرهێنان بە بڕبڕەی پشتی ئابوری دادەنرێت و لەم بارەیەوە هەرێمی کوردستان لە ڕووی یاساییەوە ڕۆژی 4 تەموزی ساڵی 2006 لە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2006 (یاسای وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان/ عێراق)پەسەند کرا، لە هەمان ساڵدا (دەستەی وەبەرهێنان) دامەزرێندراوەو لەو کات بەدواوە هەرێمی کوردستان بە هەورازو نشێوی زۆردا تێپەڕییەوە.

1. دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای دامەزراندنییەوە لە ساڵی 2006 دەستی بەکار کردووە، لەو کاتەوە دەستەکە مۆڵەتی بە (1113) پرۆژەی بەخشیوە، بە سەرمایەی زیاتر لە (69) ملیار دۆلار، لەسەر ڕووبەری زیاتر لە (87) هەزار دۆنم زەوی (بڕوانە خشەی ژمارە (1))

**خشتەی ژمارە (1)**

**مۆڵەتی پرۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان (2006–2021)**

| مۆڵەت | ژمارەی مۆڵەت | قەبارەی سەرمایە/دۆلار | ڕووبەری زەوی/ دۆنم |
|---|---|---|---|
| مۆڵەتی کارپێکراو | 968 | 53.077.000.000 | 69.336 |
| مۆڵەتی هەڵوەشاوە | 145 | 16.109.000.000 | 17.733 |
| کۆ | 1113 | 69.186.000.000 | 87.069 |

2. سەردەمی زێڕینی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان و بەرزترین ڕێژەی وەبەرهێنان لە ساڵی 2013 بووە بە قەبارەی سەرمایەی (10) ملیار و (476) ملیۆن و (624) هەزار دۆلار، کە دەکاتە ڕێژەی (15.14%) کۆی گشتی قەبارەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان. تا 2021/4/1.
3. کەمترین ڕێژەی وەبەرهێنان لەساڵی 2006 بووە کە بڕەکەی (438) ملیۆن و (308) هەزار دۆلار بووە، کە دەکاتە ڕێژەی 0.63% کۆی گشتی قەبارەی وەبەرهینان لە هەرێمی کوردستان.
4. لەماوەی 4 ساڵی ( 2016–2019) پێکەوە قەبارەی وەبەرهێنان تەنیا بڕی (9) ملیار و (390) ملیۆن و (503) هەزار دۆلار بووە، دەکاتە ڕێژەی 13.57% کۆی گشتی قەبارەی وەبەرهینانی هەرێمی کوردستان. ئەم بڕە هێشتا کەمترە

لەقەبارەی وەبەرهێنان لە ساڵی 2013.  بەشی زۆری هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و دابەزینی نرخی نەوت و شەڕی داعش، هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابوری و وەبەرهێنانەوە چەندین هەنگاوی بەرەو دواوە ناو تا ئێستا ئاسەوارە گەورەکانی بە هەرێمی کوردستانەوە دیارە، بەپێی ئامارەکان لەو ماوەیەدا؛

- ڕۆژی 2016/11/7 ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان لە دیداری (میری) رایگەیاند "هەرێمی کوردستان زیاتر لە 20 ملیار دۆلار  قەرزارە، لە ئێستادا ئەو قەرزە (31) ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە.
- بە پێی ئاماری یەکێتی وەبەرهێنان لەو ماوەیەدا (5) هەزار پرۆژە وەستاون، پێویستیان بە (5) ملیار دۆلار هەبووە بۆ تەواو کردنی ئەو پڕۆژانە.
- لەو ماوەیەدا  (3) و (500) کارگەی گەورە و بچوک داخراون.
- زیاتر لە  (1000) کۆمپانیا مایە پوچ بوون، کە (850) کۆمپانیایان لە سنوری سلێمانیدا کارو چالاکی و پرۆژەسازیان ئەنجامداوە.
- زیاتر لە (350)  هەزار کەس کارەکانیان لەدەست داوە.
- ژمارەی دەوڵەمەندەکانی کوردستان نزیکەی نیوەیان لەو ماوەیەدا بەهۆی قەیرانی داراییەوە سەرمایەکانیان لەدەستداوە (مەلا یاسین مەحمود – وتەبێژی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی هەرێمی کوردستان) لە ساڵی 2018 ئاشکرای کرد، ژمارەی دەوڵەمەندەکانی کوردستان کەمبوونەتەوە بۆ (5) هەزار ملیۆنێر و (13) ملیاردێر لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوە لە کاتێکدایە بە پێی ئامارەکانی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان لە ساڵی 2016 لە هەرێمی کوردستاندا (30) ملیاردێر و (10) هەزار و (800) ملیۆنێر هەبووە کە (18) ملیاردێری لە سنوری پارێزگای هەولێر وەبەرهێنانیان کردووەو (5) ملیاردێریش لە سنوری پارێزگای سلێمانی و (5) ملیاردێریش لە سنوری پارێزگای دهۆک وەبەرهێنانیان کردووە. لە (10) هەزار و (800) ملیۆنێریش (3) هەزار و (800) ملیۆنێری لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا بوونە.

## سێیەم: زیانە داراییەکانی هەناردەکردنی نەوت بەراورد بە پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق

ئەگەرچی یاساکانی بودجەی (2014–2021) پشکی هەرێمی کوردستان دیاریکراوە، بەڵام بەهۆی ڕادەستنەکردنی نەوتی هەرێم و سەربەخۆیی ئابوری هیچ کات ئەو بڕەی وەک پشکی هەرێم دیاریکراوە، وەک خۆی نەنێدراوە، بۆ نمونە لە ماوەی نێوان ساڵی (2014 – 2021) پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق بە (97 ترلیۆن و 540 ملیار و 955 ملیۆن) دینار دەخەملێنرێت، بەڵام تەنها (15 ترلیۆن و 929 ملیار و 533 ملیۆن) دیناری تەمویل کراوەو بڕی (81 ترلیۆن و 611 ملیار و 422 ملیۆن) دیناری تەمویل نەکراوە. بڕوانە خشتەی ژمارە (1)؛

**خشتەی ژمارە (1)**

**پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق (2014–2021) (هەزار دینار)**

| بودجەی ساڵانە | ڕێژە | پشکی هەرێم | بڕی تەمویل کراوە | بڕی تەمویل نەکراوە |
|---|---|---|---|---|
| 2014 | 12/1 | 19,999,616,000 | 2,280,000,000 | 17,719,616,000 |
| 2015 | 17% | 14,871,000,000 | 2,476,000,000 | 12,395,000,000 |
| 2016 | 17% | 12,570,000,000 | 0 | 12,570,000,000 |
| 2017 | 17% | 11,605,028,000 | 0 | 11,605,028,000 |
| 2018 | 12.7% | 6,767,173,000 | 3,175,403,000 | 3,591,770,000 |
| 2019 | 12.7% | 9,783,026,000 | 5,439,130,000 | 4,343,896,000 |
| 2020 | 12.7% | 5,436,000,000 | 1,359,000,000 | 4,077,000,000 |
| 2021 | 12.7% | 16,509,112,000 | 1,200,000,000 | 15,309,112,000 |
| کۆی گشتی | | 97,540,955,000 | 15,929,533,000 | 81,611,422,000 |

لەبەرامبەردا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئابوری سەربەخۆ لەماوەی ساڵی (2014) تا کۆتایی ساڵی (2021) زیاتر لە (1 ملیار و 100 ملیۆن) بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە، بە تێکڕا بەرمیلێکی نەوتی بە بڕی (54) دۆلار فرۆشتووە، بەکۆی گشتی و بەبێ هیچ خەرجی و تێچونێک بەهای ئەو بڕە نەوتەی فرۆشتوویەتی زیاتر بوو لە (55 ملیار) دۆلار بەرامبەر بە زیاتر لە (68) ترلیۆن دینار (بڕوانە خشتەی ژمارە (2)).

خشتەی ژمارە (2)

فرۆشی نەوتی هەرێم (2014 –2021)

| ساڵ | بەرمیل | نرخی نەوت | داهات بە دۆلار | نرخی دینار | داهات بە دینار |
|---|---|---|---|---|---|
| 2014 | 33,538,311 | 82 | 2,750,141,502 | 1,166 | 3,206,664,991,332 |
| 2015 | 133,139,398 | 44 | 5,858,133,512 | 1,166 | 6,830,583,674,992 |
| 2016 | 183,642,057 | 38 | 6,978,398,166 | 1,180 | 8,234,509,835,880 |
| 2017 | 180,028,303 | 48 | 8,641,358,544 | 1,182 | 10,214,085,799,008 |
| 2018 | 132,395,714 | 65 | 8,605,721,410 | 1,182 | 10,171,962,706,620 |
| 2019 | 132,302,891 | 60 | 7,938,173,460 | 1,182 | 9,382,921,029,720 |
| 2020 | 157,599,661 | 28 | 4,412,790,508 | 1,182 | 5,215,918,380,456 |
| 2021 | 151,211,000 | 70 | 10,584,770,000 | 1,450 | 15,347,916,500,000 |
| کۆ/ تێکڕا | 1,103,857,335 | (54.4) | 55,769,487,102 | (1.211) | 68,604,562,918,008 |

بەڵام بەپێی داتاکان (58%)ی داهاتی نەوت دراوە بە کۆمپانیا نەوتییەکان و خەرجی بەرهەمهێنانی نەوت.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەردەوام نەوتی هەرێم بە (10) دۆلار کەمتر لە بازاڕەکانی جیهان فرۆشراوە، بۆیە دوای لیدەرکردنی خەرجییەکانی پرۆسەی نەوت و هەرزانتر فرۆشتنی. ئەو داهاتەی بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە لە ئەو (8) ساڵەدا لە ڕێگەی فرۆشتنی (1 ملیار و 103 ملیۆن و 211 هەزار) بەرمیل نەوتەوە بریتی بووە لە (25 ملیار و 485 ملیۆن 858 هەزار و 150) دۆلار، کە بەهای (1) دۆلار بە تێکڕا لەماوەی ناوبراودا بریتی بووە لە (1 هەزار و 211) دیناری عێراقی. بۆیە ئەو بڕە بەرامبەرە (30 ترلیۆن و 863 ملیار و 374 ملیۆن و 220 هەزار و 231) دینار وەک داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان پاش لێدەرکردنی خەرجی نەوت و هەرزانتر فرۆشتنی.

بۆیە کاتێک بەراوردی ئەو داهاتە بکەین کە حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی فرۆشی نەوتەوە دەستی کەوتووە، لە بوجەی گشتی عێراق لە دەستی داوە، لە ماوەی ساڵی (2014 – 2021) ئەوا؛

- حکومەتی عێراق لە دوای ساڵی (2014)ەوە بە بڕی (81 ترلیۆن و 611 ملیار و 422) ملیۆن دینار بودجەی لە پشکی هەرێمی کوردستان ڕاگرتووە.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی بڕی (1 ملیار و 103 ملیۆن و 857 هەزار 335) بەرمیل نەوت لە ماوەی (8) ساڵدا هەناردە بکات و بڕی (30 ترلیۆن و 863 ملیار 374 ملیۆن و 220 هەزار 231) دینار _دوای لێدەرکردنی خەرجییەکان و هەرزانتر فرۆشتنی_ بۆ بمێنێتەوە.
- ئەو جیاوازییەی لە بەراوردی فرۆشی سەربەخۆی نەوت و بودجەی گشتی عێراق دەکەوێتەوە؛ بریتییە لە (50 ترلیۆن و 748 ملیار و 47 ملیۆن 779 هەزار و 769) دینار بووە.

## چوارەم: کەڵەکەبونی قەرزە گشتیەکان

بەهۆی کورتهێنانە بەردەوامەکان و بەتایبەتیش بەهۆی قەیرانەکانی ساڵانی (2014–2017 و2020) هەرێمی کوردستان کەوتە ژێر باری قەرزێکی زۆرەوە، کە بەشی زۆری قەرزی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان و بەدوای ئەویشدا پابەندییە داراییەکان و قەرزی دەرەکی و قەرزی بانکی (تی بی ئای) و قەرزی ناوخۆیین و بڕەکەی زیاترە لە (31 ملیار) دۆلاری ئەمریکی (بروانە چارتی ژمارە (1)) بەشێکی گەورەی قەرزەکانیش دەگەڕێنەوە پێش کابینەی نویەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان (بروانە چارتی ژمارە 2)). هاوکات (خشتەی هاوپێچ) دەربڕی قەبارەی قەرزە گشتیە کەڵەکە بووەکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە درێژایی ساڵانی (2012 – 2021).

چارتی ژمارە (1)



## چارتی ژمارە (2)



**قەرزە کەڵەکەبوەکانی سەر حکومەتی هەرێم (2012–2021)**

**بە دۆلاری ئەمریکی**

| ساڵ | بڕی قەرزە کەڵەکە بووەکان | بڕی گەشە | ڕێژەی گەشە |
|---|---|---|---|
| 2012 | 1,000,000,000 | --- | --- |
| 2013 | 2,800,000,000 | 1,800,000,000 | 180.0% |
| 2014 | 8,600,000,000 | 5,800,000,000 | 207.1% |
| 2015 | 17,000,000,000 | 8,400,000,000 | 97.7% |
| 2020 | 28,476,000,000 | 11,476,000,000 | 67.5% |
| تا مانگی ئازاری 2021 | 31,637,000,000 | 31,61,000,000 | 11.1% |
| 2012 – 2021 | 28,837,000,000 | 3,605,000,000 | 70.4% |
| 2014 – 2021 | 31,637,000,000 | 3,164,000,000 | 63.4% |

لە 2021/9/26، دروە لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانیدا لە ژێر ناوی " لە کابینەی چاکسازییەوە بۆ کابینەی قەرزکردن "جارێکی دیکە تیشکی خستووەتە سەر ئەم پرسەوە دەقی ڕاپۆرتەکە بەم شێوەیەبوو؛

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کابینەی سیقۆڵی نێوان (پارتی+ یەکێتی+ بزوتنەوەی گۆڕان)ە، بڕی زیاتر لە (6 ترلیۆن) دینار قەرزی گشتیو زیاتر لە (3 ترلیۆن) دیناری قەرزی لێبڕینی (10) مانگی موچەو نەدانی موچەی (2) مانگی موچەخۆرانی کەوتوەتە سەر شان، کۆی گشتی قەرزەکانی حکومەت لە کابینەی نۆیەمدا گەیشتوەتە نزیکەی (10 ترلیۆن) دینار.

## قەرزەکان چۆنن ؟

نێچیرڤان بارزانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی بە (27 ملیارو 549 ملیۆن) دۆلار قەرزەوە ڕادەستی مەسرور بارزانی سەرۆکی کابینەی نۆیەم کرد.

بە هەمان میکانیزمی کابینەی هەشتەم، کابینەی نۆیەم کە مەسرور بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، بەفۆرمی جیاوازەوە قەرزی هێناوەتە سەر شانی حکومەت.

ئامانج رەحیم سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا رایگەیاند، مانگی 3ی ساڵی 2020، کۆی قەرزەکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان (28 ملیارو 476 ملیۆن) دۆلار بووە، مانگی 3ی 2021 کۆی قەرزەکان بووە بە (31 ملیارو 637 ملیۆن) دۆلار.

بەپێی ئەم قسەی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی یەک ساڵدا قەبارەی قەرزەکانی بەبڕی (3 ملیارو 161 ملیۆن) دۆلار زیادی کردووە، واتا کابینەی نۆیەم بۆ هەر مانگێک بڕی (263 ملیۆن) دۆلار قەرزی کردووە .

لە کابینەی نۆیەمدا کە ناوی "کابینەی چاکسازی" لەخۆی ناوە، قەرزەکانی هەرێم بەشێوەیەکی خێرا هەڵدەکشێت، پێش دەستبەکاربوونی ئەم کابینە سێقۆڵییە لە 10ی تەموزی 2019دا، کۆی گشتی قەرزەکانی حکومەت (27 ملیارو 549 ملیۆن) دۆلار بوو، دوای چەند مانگێک لە دەستبەکاربوونی کابینە نوێیەکە، ساڵی رابردوو مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت وتی قەبارەی قەرزەکان بۆ (28 ملیارو 476 ملیۆن) دۆلار بەرزبووەتەوە.

ئێستا کە کابینەی مەسرور بارزانی دوو ساڵی تەمەنی تەواو کردووە، قەبارەی قەرزەکان بۆ (31 ملیارو 637 ملیۆن) دۆلار بەرزبوەتەوە، واتە تەنیا لە دوو ساڵی تەمەنی ئەم کابینەیەدا قەبارەی قەرزەکانی بەبڕی (4 ملیارو 88 ملیۆن) دۆلار زیادی کردووە .

## 31 ملیاری قەرز

بڕی ئەو (31 ملیار) دۆلارەی کە سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران خستیە روو پێکهاتووە لە:

- 12 –ملیار دۆلار قەرزی پاشەکەوتی موچە
- 3 –ملیارو 966 ملیۆن دۆلار قەرزی(TPI)
- 4 –ملیار و 288 ملیۆن دۆلار قەرزی دەرەکی
- 2 –ملیارو 267 ملیۆن دۆلار قەرزی ناوخۆیی
- 8 –ملیار و 703 ملیۆن دۆلار پابەندییە داراییەکان

## قەرزێکی ئەژمارنەکراو!

سەرەڕای ئەم قەرزانە، کابینەی سێقۆڵی بڕێکی زۆری پارەی موچەی فەرمانبەرانی نەداوەو ئەم پارانەی بە قەرز لەسەر شانی خۆی ئەژمار نەکردووە.

بەپێی قسەی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران لە کۆی ئەو (31 ملیار) دۆلارەی قەرز کە کەوتوەتە سەرشانی حکومەت، بڕی (12 ملیار) دۆلاری بەتەنیا پارەی پاشەکەوتکراوی موچەی موچەخۆرانە، ئەم (12 ملیار) دۆلارەی پارەی پاشەکەوتکراوی موچەخۆران، بڕی (9 ملیار) دۆلاری پارەی پاشەکەتی موچەی کابینەی پێشوو بووەو لەم کابینەیەشدا موچەی فەوتاوی پێنج مانگی ساڵی 2020 بۆسەر قەرزی موچە پاشەکەوتکراوەکان زیاد کراوەو قەرزی موچە لە (9 ملیار) دۆلاری کابینەی پێشووەوە بەرزبوەتەوە بۆ (12 ملیار) دۆلار .

بەم پاکتاوکردنەشەوە کە حکومەت کردویەتی، ئێستا چارەنوسی موچەی فەوتاوی دوو مانگی ساڵی 2020ی فەرمانبەران نادیارە کە بڕەکەی (ترلیۆنێکو 788 ملیار) دینارە .

*کابینەی نۆیەم ماوەی (10) مانگ بە لێبڕینەوە موچەی دابەشکردووە: کۆی پارەی لێبڕاوی موچەی فەرمانبەران بڕەکەی (ترلیۆنێکو 880 ملیار) دینارە

*کۆی گشتی پارەی فەوتاوی پێنەدانو لێبڕینی موچە بڕەکەی (3 ترلیۆنو 668 ملیار) دینارە

## قەرزو موچە پێکەوە

ئێستا کۆی گشتی قەبارەی قەرزو پارەی موچە لەسەر شانی حکومەتی هەرێم بەمشێوەیە :

*نەدانو لێبڕینی موچە: (3 ترلیۆنو 668 ملیار) دینار (2 مانگ موچەی نەداوە مانگانە 894 ملیار ) دینار

*قەرزی گشتی: (6 ترلیۆنو 50 ملیار) دینار

* کۆی گشتی قەرزو نەدانو لێبڕینی موچە: (9 ترلیۆنو 718 ملیار) دینار

هاوکات لە (2020/7/5) دیوانی چاودێری دارایی ڕاپۆرتێکی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، لێرەدا دەقی ڕاپۆرتەکە هاوپێچ دەیەکەین.

ديوانی چاودێری دارايی - هەرێمی کوردستان
ديوان الرقابة المالية . اقليم كوردستان
Board of Supreme Audit
Kurdistan Region - Iraq

**هەرێمی کوردستان – عێراق**
**دیوانی چاودێری دارایی**
**نووسینگەی سەرۆکی دیوان**

ژمارە : ۱ / ۱ / ۱۵٤
بەروار : ٥ / ۷ / ۲۰۲۰

**بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سکرتاریەتی ئەنجومەن**

**ب/ ناردنی راپورت**

نووسراوتان ژمارە ۳۳٦۸ لە ۲۰۲۰/٦/٤ بە هاوپێچ وێنەیەك لە راپۆرتی دەستەی چاودێری دارایی پێکهێنراو بە فەرمانی دیوانیمان ژمارە (۱۳۷/۱/۱ لە ۲۰۲۰/٦/۸) بۆتان رەوانە دەکەین کە تایبەتە بە ئەرکی دەربڕینی ڕا سەبارەت بە لیستی قەرز وپابەندە داراییەکانی حکومەتی هەرێم کە بە هاوپێچی نووسراوی سەرەوەتان پێمان گەیشتووە .

تکایە بفەرموون بۆ ئاگاداری وئەنجام دانی ئەو کارەی کە بە باشی دەزانن لە گەل رێزماندا .

**هاوپێچ :**

- راپۆرت (۱۰ لاپەرە )

**خالد هادی چاوشلی**
**سەرۆکی دیوان**
**/ ۷ / ۲۰۲۰**

**وێنەیەك بۆ :**

- پەرلەمانی کوردستان/ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان / لە گەل وێنەیەك لە راپۆرت / لە سەر داوای بەرێز سەرۆکی پەرلەمان/ بۆ زانین/ لە گەل رێزماندا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان/ لە گەل وێنەیەك لە راپۆرت / تکایە بۆ ئاگاداری وئەنجام دانی ئەو کارەی کە بە باشی دەزانن / لە گەل رێزماندا .
- نووسینگەی سەرۆکی دیوان / لە گەل بەرایەکان .
- فەرمانگەی کاروباری کارگێری ودارایی ویاسایی / سەرپێچییەکان / لە گەل وێنەیەك لە راپۆرت /لە گەل رێزماندا .
- فەرمانگەی کاروباری هونەری وتوێژینەوە / لە گەل وێنەیەك لە راپۆرت لە گەل رێزماندا .
- دەستەی ناوبراو / یاداشتان لە ۲۰۲۰/۷/٥ / لە گەل رێزماندا .
- خامەی نووسینگەی سەرۆکی دیوان .

P 066 264 2006 A 60Mt, ERBIL W www.Kubsa.net
E kurdistansupermaudit@gmail.com

هەرێمی کوردستان عێراق
دیوانی چاودێری دارایی هەرێم

Board of Supreme Audit
Kurdistan Region-Iraq

## ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم تایبەت بە خشتەی قەرز و پابەندە داراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

پالپشت بە برگەی (یەکەم و پێنجەم) لە مادده (٨، ١١،١٢) لە یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨، و بەمەبەستی جێبەجێ کردنی فەرمانی دیوانیمان ژمارە (١٣٧) لە ٢٠٢٠/٦/٨ دەستەکەمان هەڵسا بە گرتنەبەری کاری پێویست بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و دۆکیومێنتی پێویست بۆ شیکردنەوەی ئەم بابەتە و دەربڕینی ڕا سەبارەت بە خشتەی قەرز و پابەندە داراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بە نووسراوی سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٣٦٨) لە ٢٠٢٠/٦/٤ پێمان گەیشتووە و لە دەرئەنجامدا ئەم تێبینی وراسپاردانە دەخەینە ڕوو.

**یەکەم/ پوختەی قەرزەکانی حکومەتی هەرێم بە پێی پۆلین و بۆچوونی حکومەتی هەرێم کە لەخشتەی هاوپێچی نووسراوی سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانی ئاماژە پێکراوی سەرەوە هاتووە:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | قەرزەکان | قەرزی دەرەکی | ٤,٢٨٨,٤٧٩,٢٩٦ دۆلار |
| | | قەرزی ناوخۆ | ٢,٢٦٧,٤٥٠,٣١٢ دۆلار |
| ٢ | پابەندە داراییەکان | پابەندەکانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان | ٣,٢٨١,١٧٩,٩٣١ دۆلار |
| | | پابەندەکانی وەزارەتی کارەبا | ٣,٨٨٣,٤٢٣,٥٦٦ دۆلار |
| | | پابەندیەکانی وەزارەتەکانی تر | ٩٤٨,٤٩٧,٠٧٠ دۆلار |
| ٣ | پاشەکەوت شایستە داراییکانی مووچەخۆران وخانەنیشینان | | ٨,٩٦٦,١٥٦,٥١٤ دۆلار |
| ٤ | بابەتی هەردوو بانکی بازرگانی عیراقی ( TBI) و کوردستان (KI B) | | ٣,٩١٤,٧٧١,٥٧٤ دۆلار |
| | کـــۆی گشـــتی | | ٢٧,٥٤٩,٩٥٨,٢٦٣ دۆلار |

دیوانی چاودێری دارایی هەرێم
دیوان الرقابة المالية اقليم
نووسینگەی تایبەت
مكتب الخاص

**دووەم/ بنەما دستوری ویاساییەکانی هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتە.**

١. به پێی برگەی یەکەمی ماددەی (١١٠) بەشی چوارەمی دەستوری کۆماری عێراقی فیدراڵ، کە تێیدا هاتووه (تختص السلطات الاتحادية بالإختصاصات الحصرية الآتية: اولاً- رسم السياسة الخارجية والتمثيل الدبلوماسي، والتفاوض بشأن المعاهدات والاتفاقيات الدولية، وسياسات الاقتراض والتوقيع عليها وابرامها، ورسم السياسة الاقتصادية والتجارية الخارجية السيادية).

٢. وەرگرتنی قەرز بە پێی یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٥ی (یاسای راکێشانی مایە لە رێگای قەرزکردن لە هەرێمی کوردستان)، کە رێکاری تایبەت دیاری کراوه بۆ ئەم مەبەستە.

٣. بە پێی برگەی دووەم ماددەی (١٢) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ی پەرلەمانی کوردستان (یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێم)، کە تێیدا هاتووه (پێویستە دەزگاکانی هەرێم هەموو گرێبەست و بەیاننامەی قەرز و بەخشینەکان کە چنگی دەکەون لە ماوەی مانگێکدا بۆ دیوانی چاودێری بنێرێت بە مەبەستی بەدواداچوون و دەربڕینی تێبینی پێویست لەم بارەیەوە).

٤. بە پێی یاسای رێکاری ژمێرکاری گشتی ژمارە (٢٨)ی ساڵی ١٩٤٠ (قانون أصول المحاسبات العامة) ویاسای کارگێری دارایی و قەرزی گشتی ژمارە (٩٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ی هەموار کراو (قانون الادارة المالية والدين العام)، ویاسای بودجەی گشتی یەکگرتووی دەوڵەت ژمارە (١٠٧)ی ساڵی ١٩٨٥ (قانون الموازنة العامة الموحدة للدولة)، پێویستە حکومەت ساڵانە بودجەی هەرێم ئامادە بکات کە تێیدا گشت سەرچاوەکانی داهات، وەلەهەمان کاتدا شێوەی تەرخان کردنی پارە بۆ هەر سێکتەر و ئامانج و بابەتێك بە پێی فەلسەفەی ئابووری و کۆمەلایەتی و ئاسایشی نەتەوەیی لەخۆ بگرێت، کە ئەمەش بەرچاو رونی دروست دەکات بۆ حکومەت لە کاتی هەبوونی هەر کورت هێنانێك دەتوانرێت بە شێوە و ئامرازی رێکاری دەستوری ویاساییەکان ئەم کورتهێنانە چارەسەر بکرێت.

**سێیەم/ تێبینی قەرزەکان.**

١. گوژمەی ئەم قەرزانەی کە ئاماژەی پێدراوە لە خشتەی هاوپێچی قەرزو پابەندە داراییەکان، بەدەرن لە بنەما دەستوری ویاسایی و رێکارەکانی وەرگرتنی قەرز، کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، بێگومان هیچ یەکێك لەم قەرزانەی حکومەتی هەرێم، دەقی گرێبەست و وردەکاریەکەی نەناردووە بۆ دیوانی چاودێری دارایی، تاکو دیوان بتوانێت بە پێی ئەم ماددە دەستوری و یاساییە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بۆیە دەستەکەمان نەیتوانی هەڵسەنگاندن و ڕای پیشەیی خۆی لەسەر ئەم بڕگە دەربڕێت.

٢. سەبارەت بە بڕی (٣,٦٦١,٤٧٩,٢٩٦) سێ ملیار و شەش سەدو شەست و یەك ملیۆن و چوار سەد و حەفتا و نۆ هەزار و دوو سەد و نەود و شەش دۆلاری ئەمریکی کە لە چەند کۆمپانیایەکی کڕیاری نەوت وەرگیراوە وەك پێشەکی نرخی فرۆشتنی نەوت، ئەم گوژمانە بە هیچ شێوەیەك ناچنە چوار چێوەی قەرز، بەڵکو لە ڕووی ژمێریاریەوە ناوزەند دەکرێت بە (إيرادات مستلمة مقدما)، بۆیە ئەگەر لە ژێر ئەم ناوە لە ژمێرەکانی کۆتایی ریزبەند بکرایە، ئەوا زیاتر لە سێ ملیارو نیو رەسیدی ئەم قەرزانە کەم دەبوونەوە و دواتر لە کاتی شایستە بوونی ئەم گوژمەیە چارەسەری ژمێریاری گونجاوی بۆ ئەنجام دەدرا، لە هەمان کاتدا سەرچاوەی ئەم گرێبەستە نەخراوەتە بەر دەستی دەستەکەمان تاکو بتوانین هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەی بۆ بکەین.

٣. بڕی (٢,٢٦٧,٤٥٠,٣١٢$) دوو ملیار و دووسەد و شەست و حەفت ملیۆن و چوارسەد و پەنجا هەزار و سێ سەد و دوازدە دۆلاری ئەمریکی کە لە چەند بانکێکی تایبەت وحکومی راکێشراوە، ئەم گوژمانە بە هیچ شێویەك ناچنە چوار چێوەی قەرز، بەڵکو دەچنە چوار چێوەی پابەندی دارایی، لە کاتێکدا قەرز دەبێت لە رێگەی رێکەوتنامە و ئەنجامدانی گرێبەستێك بێتە کایەوە، وە لەم گرێبەستەدا دەبێت نرخ و شێوەی سوود و مەرجەکان و کاتی دانەوەی ئەم قەرزانە (سعر الفائدة ونوعه وشروط تسديد القرض وجدولة

نووسینگەی تایبەت
مکتب الخاص

أقساطه) دیاری بکرێت، هەر بۆیەش ئەگەر ئەم قەرزانە وەك پابەندی دارایی نیشان بدرایە لە ژمێرەی کۆتایی حکومەت، زیاتر لەدوو ملیار دۆلاری تر لە رەسیدی قەرزەکان کەم دەبوو.

٤. بەدیار نەکەوتنی بڕی ئەم قەرزانە لە هیچ بەڵگەیەکی دارایی فەرمی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەکو ژمێرەی کۆتایی یاخود بەیاننامەی دارایی بۆ ساڵانی رابردوو، ئەمەش بە خاڵێکی لاواز ئەژمار دەکرێت بۆ وەزارەتی دارایی وئابووری، هەر بۆیە دیوانی چاودێریمان نەیتوانیوە بەیاننامەی دارایی ساڵانی پێشوو پەسەند بکات.

٥. یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی قەرز ئەوەیە کە ساڵانە بڕێك لەم قەرزە بدرێتەوە بە خاوەنەکەی لەگەڵ رێژەی سودی ساڵانە، دانەوەی ئەم قەرزەش دەبێت لە چوار چێوەی یاسای بودجەی ساڵانەی حکومەت رێکبخرێت، دواتر لە لایەن پەرلەمانی کوردستان پەسەند بکرێت وببێت بە یاسا، کە بە یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی پەرلەمان دادەنرێت، بەڵام پێچەوانەی ئەم رێکارانە، نە حکومەت بودجەی ساڵانەی رەوانەی پەرلەمان کردوە، پەرلەمانیش بە رۆڵی خۆی هەڵنەستاوە تا فشاری جدی بخاتە سەر حکومەت بۆ ئەوەی بودجە بهێنێت بۆ پەرلەمان بەمەبەستی پەسند کردنی، بۆیە بودجەی ساڵانە بە شێوەیەکی رێك و پێك لە کات و ساتی خۆی ئامادە بکرایە ئەوا دەتوانرا ساڵانە بەشێك لەم قەرزانە بدرێنەوە و کاریگەری ئەوتۆی نەدەخستە سەر باری دارایی حکومەت.

٦. دیوانمان پێشوەختە بە نووسراوی ژمارە (٤٢) لە ٢٠١٦/١/١٨ کە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە، تێیدا داواکاربووە بە پێدانی زانیاری تەواو دەربارەی کۆی گشتی ولایەنی پەیوەندار بە قەرز، بەڵام تائێستا هیچ زانیاریەك دەربارەی قەرزەکانی حکومەت بە دیوان نەدراوە.

٧. لە خشتەی هاوپێچی قەرز وپابەندە داراییەکان هیچ ئاماژەیەك بە کۆی بڕی لێبڕینی خانەنشینی فەرمانبەران نەکراوە، کە مانگانە لە لیستی مووچە لێیان دەبڕدرێت، هەروەها ئەم خشتەیە ئاماژەی

نەکردووە بەو قەرزانەی کە حکومەت داویەتی بە کۆمپانیاو هاولاَتیان و هەروەها کۆی ئەم پێشینانەی کە دراوون لە بوارە جیاجیاکان، بۆیە لە ڕووی دارایی و ژمێریارییەوە ئەم خشتەیە بە خشتەیەکی تەواو دانانرێت.

## چوارەم/ تێبینی پابەندە داراییەکان.

پابەندە داراییەکان بە واتای ئەوە دێت کە حکومەت هەڵنەستاوە بە پێدانی شایستە داراییەکانی ئەو لایەنانەی کە کاریان کردووە بۆ حکومەت، بۆیە جیاوازی لە گەڵ زاراوەی قەرزدا هەیە، وە پابەندە داراییەکانی حکومەت بە پێی خشتەی ئامادەکراوە چەند جۆرێکە کە لە خشتەکەدا ئاماژەی پێکراوە:

١. پابەندە داراییەکانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، کە کۆی گشتی هەردوو وەزارەت بریتیە لە گوژمەی ($٣,٢٨١,١٧٩,٩٣١) سێ ملیارو دوو سەدوو هەشتاو یەك ملیۆن و سەدو حەفتاو نۆ هەزارو نۆ سەدو سی و یەك دۆلاری ئەمریکی، وە بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ ئەم گوژمەیە، دەستەکەمان لە ڕۆژانی ٩، ١٠، ١١، ١٤، ١٥، ٢٠٢٠/٦/١٦ سەردانی (بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردن و هەماهەنگی قەرزی گشتی) لە ئەنجومەنی وەزیران کرد، بەڵام بەڕێز ڕێکخەری ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هیچ زانیاریەکی لەسەر ئەم گوژمەیە لە بەر دەست نەبوو، وە پێی ڕاگەیاندین کە گشت زانیاریەکانی تایبەت بەم گوژمەیە لە لایەن بەڕێز سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران (کە بەرپرسی ڕاستەخۆی قەرزەکانە) دەست دەکەوێت، وە دوای چاوەڕوانیەکی زۆر لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٨ دەستەکەمان توانی لەگەڵ بەڕێز سکرتێری ئەنجومەن کۆببێتەوە، لە لایەن خۆیانەوە بەڕێز سکرتێری ئەنجومەن بەڵێنی دا کە هەوڵبدات بۆ ئامادەکردنی بەراییەکانی ئەم گوژمەیە، هەرچەندە تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز ڕێکخەری بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو دەستەکەمان لە پەیوەندی دابوو، بەڵام هیچ بەراییەك نەخرا بەردەستمان، بۆیە کاری ووردبینی پێویست لە لایەن دەستەکەمان ئەنجام نەدرا سەبارەت بەم گوژمەیە.

٢. پابەندە داراییەکانی وەزارەتەکانی تری حکومەتی هەرێم (شایستەی ئینفۆیس وپرۆژەکان)، کە کۆی پابەندەکان بریتیە لە گوژمەی (٩٤٨,٤٩٧,٠٧٠$) نۆ سەد و چل و هەشت ملیۆن وچوار سەد و نەوەد و حەفت هەزار و حەفتا دۆلاری ئەمریکیە، ئەو پابەندیانە لە ئەنجامی پێنەدانی شایستە داراییەکانی ژماریەك کۆمپانیایە، کە هەڵساون بە ئەنجامدانی پرۆژە ودابین کردن ( تجهیز) هاتۆنەتە کایەوە.

٣. پابەندیە داراییەکانی تایبەت بە پاشەکەوتی شایستەی دارایی مووچەخۆران وخانەنیشینان، کە کۆی پابەندیەکە بریتیە لە گوژمەی (٨,٩٦٦,١٥٦,٥١٤$) هەشت ملیار و نۆسەد و شەست وشەش ملیۆن و سەد و پەنجا و شەش هەزار و پینج سەد و چواردە دۆلاری ئەمریکی، وە وەزارەتی دارایی وئابووری بە نووسراویان ژمارە (٤٠٢٣) لە ٢٠٢٠/٦/٢٢ پشتگیری لەم گوژمەیە دەکات کە وەك پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران و خانەنیشینان دیاری کراوە، بە هەمان شێوە لە رووی ژمێریارییەوە بە قەرز هەژمار ناکرێت بەڵکۆ لە رووی ژمێریاریەوە دەچێتە ئەژماری (رواتب و مخصصات مستحقه و غیر مدفوعه)، لە کاتی بوونی پشتیوانی دارایی و دانەوەی ئەم گوژمەیە هەنگا و بەهەنگاو چارەسەری ژمێریاری گونجاوی بۆ ئەنجام دەدرێت، تاکو رەسیدی ئەم ئەژمارە دەبێت بە (سفر).

٤. سەبارەت بە بابەتی هەردوو بانکی ( TBI) و (KI B)، کە کۆی گوژمەکەیان بریتیە لە (٣,٩١٤,٧٧١,٥٧٤$) سێ ملیار و نۆسەد و چواردە ملیۆن و حەفت سەد و حەفتا و یەك هەزار و پێنج سەدو حەفتا و چوار دۆلاری ئەمریکی، کە هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ کرینەوە و مامەڵەکردنی ئەم دوو بانکە بە چەکی کۆمپانیاو بەڵێندەران کە ناسراوە بە چەکی بەڵێندان (صك التعهد) کە خاوەنی چەکەکە بەڵێنی داوە تا باشبوونی بارودۆخی دارایی هەرێم داوای نرخی چەکەکە نەکات، بەڵام بەرێوەبەرایەتی بەرێوەبردن و هەماهەنگی قەرزی گشتی ئەم گوژمەیەی جێگیر نەکردووە وەك پابەندی دارایی، تاکو پێداچونەوەو ووردبینی زیاتری بۆ بکرێت لە لایەن دیوانی چاودێری دارایی، وە

سەبارەت بەم گوژمانە هەردوو بانکی ناوبراو بە نووسراوەکانی ژمارە (٩٨٣/٥٥٧) لە ٢٠٢٠/٦/١٤ و ژمارە (٣/١٥٤٩) لە ٢٠٢٠/٦/١٥ وەڵامی نووسراوی دیوانیان داوەتەوە، بەڵام جیاوازی لە گوژمەکانیاندا هەیە، بۆیە تا ووردبینی تەواوی ئەم گوژمانە نەکرێت لە لایەن دەستەکانمانەوە ناتوانین پشت راستی بکەینەوە.

٥. دەستەکەمان کاری ووربینی ئەنجام نەداوە بۆ تەواوی پابەندە داراییەکانی حکومەت، تەنها کاری بەراوردکردنی ئەو نووسراوانەی کردووە کە لە بانکەکان و وەزارەتی دارایی بە فەرمی بۆ دیوانمان هاتووە، لەبەر ئەوەی کاری ووربین کردن بۆ ئەم پابەندییانە کاتێکی زۆری پێویستە، هەروەها پێویستی بە چەند دەستەیەکی ووربینی هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، بۆیە پێشنیار دەکەین بە پێك هێنانی چەند دەستەیەك بەمەبەستی ووربین کردنی تەواوی پابەندیەکان، تاکو بتوانین بە شێوەیەکی پیشەیی پشت راستی تەواوی ئەو زانیاریانە بکەینەوە کە لە خشتەی ئاماژە پێکراوی پابەندەکاندا هاتووە.

٦. بەشێك لە پابەندەکان یەك لایەنە باس کراوون، بێ ئەوەی لایەنی بەرامبەر باس بکرێت، بۆ نمونە ئەو پابەندییانەی حکومەت بۆ خەرجی ئاو وکارەبا کە بەشێوەیەك باسی داهاتی کارەبا نەکراوە کە پابەندە لەسەر هاولاتیان، هەروەها پابەندی هاولاتیان بەرامبەر پرۆژەکانی نیشتەجێبوون کە پێویستە بدرێتەوە بە حکومەت.

٧. تەرخانکردنی پارە لە لایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکان راستەوخۆ بۆ وەزارەتەکان پێچەوانەی گشت بنەما دارایی و کارگێری و ژمێریارەییەکانە، لەبەر ئەوەی وەزارەتی دارایی وئابووری تاکە وەزارەتە بتوانێت پارە تەرخان بکات بۆ سەرجەم وەزارەت و دام ودەزگاکانی هەرێم، هەروەها گشت داهاتەکان کۆبکاتەوە لە ئەژمێری داخراوی خۆی، لە گەڵ ئەمەشدا دیوان چەندەها جار لە رێگەی لیژنەی یەك لە دوایەکەکانی داوای داتا و زانیاری لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی کردووە سەبارەت بە ووردبینی ئەو

Board of Supreme Audit
Kurdistan Region-Iraq

گۆژمانەی کە دراونەتە دام و دەزگاکانی حکومەت و چۆنیەتی پاکتاو کردنیان و هەروەها ئەو گرێبەستانەی کە لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیەکان و کۆمپانیاکانی ووردبینی ئەنجام دراوون، کەچی گشت هەوڵەکان بێ هۆدە بوون، بۆیە دیوان زانیاری تەواوی نیە لە سەر ووردەکارییەکانی گوژمەی (٣,٢٨١,١٧٩,٩٣١ دۆلار) کە لە خشتەی سەرەوە ئاماژەی پێکراوە کە تایبەتە بە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.

٨. بە تێروانینی دیوانمان ئەم جۆرە کێشانە دەرەنجامی نەبوون و پەیرەونەکردنی یاسایی بودجەی ساڵانەیە لە کاتی خۆی بە پێی فەلسەفەیەکی ئابووری وکۆمەڵایەتی دیاری کراو، واتە نەبوونی چوار چێوەیەکی یاسایی بۆ رەفتارە داراییەکانی حکومەتی هەرێم، بۆیە دیوان لە رابردوو جەختی کردۆتەوە لەسەر ئامادەکردنی بودجەی هەرێم لە کاتی دیاری کراو، بۆ ئەوەی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان پێش دەستپێکردنی ساڵی دارایی پەسەند بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بە نووسراوەکانی ژمارە (٣١٠) لە ٢٠١٩/٧/٢٤ وە ژمارە (٩٣) لە ٢٠١٩/٢/٢٥ وە ژمارە (٤٠) لە ٢٠١٧/٢/٦ وە ژمارە (١٠٠) لە ٢٠١٦/٢/٢١ وە ژمارە (١٥٦) لە ٢٠١٦/٤/١٨ وە ژمارە (٦٦) لە ٢٠١٦/١/٢٧ وە ژمارە (٤٧١) لە ٢٠١٥/٦/١٠ وە ژمارە (١٥٣) لە ٢٠١٤/١٠/٢٣ دیوان داوای کردوە لە لایەنە پەیوەندارەکان بە ئامادەکردنی بودجەو یاسای بودجەی ساڵانە.

٩. هۆکارێکی تری ئەم پابەندە داراییانەی کە کەوتۆتە ئەستۆی حکومەتی هەرێم بریتیە لە نەبوونی دیراسەیەکی تۆکمەی ئەو گرێبەستانەی کە ئەنجام دراون، هەروەها هەڵسەنگاندن و بەدواداچونیان بۆ نەکراوە لە لایەن دیوان، کە بە پێی ماددەکانی (٨ و ١١ و ١٢) ی یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێم، ئەم کارە دەکەوێتە ژێر ئەو ئەرکانەی کە بە دیوان راسپێردراوون، بۆیە زۆرێك لە گرێبەستەکان دووچاری کێشە و گرفت بوونەوە، تەنانەت بەشێك لەم گرێبەستانە رەوانەی دادگاکان کران و پارەیەکی

زۆر وەك فەرەبوو بەخشراوە بە کۆمپانیاکان.

١٠. هۆکارێکی تری تێکەوتنی ئەم دۆخەی هەرێم بریتی بووە لە دەرکردنی چەند یاسا ورێنماییەك کە ماف بە خەرج کردنی بەشێك لە داهاتەکان دەداتە کۆمەڵێك لە وەزارەت و دام ودەزگاکان، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ لاوازکردنی رۆڵی وەزارەتی دارایی وئابووری.

١١. دیوان بە نووسراوی ژمارە (٩٣) لە ٢٠١٩/٢/٢٥ بە راپۆرتێکی پوخت، تێروانین و گرفتەکانی سیستەمی دارایی لە هەرێم دەست نیشان کردووە و رەوانەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی کردووە، بەمەبەستی گرتنەبەری رێکاری پێویست بۆ ئەو بابەتانەی کە بونەتە ئاریشە لە بەردەم سیستەمی دارایی و کارگێری لە هەرێمی کوردستان.

**هەرێمی کوردستان عێراق**

**دیوانی چاودێری دارایی هەرێم**

**پێنجەم / پوختە ودەرئەنجام:**

رای دیوانی چاودێری دارایی هەرێم دەربارەی خشتەی قەرز وپابەندە داراییەکان، تەنها پشت راست کردنەوەی ئەو گوژمانەیە کە بە نووسراوی فەرمی لایەنە پەیوەندارەکان بۆمان رەوانە کراوە کە قەرز و پابەندە داراییەکان دەسەلمێنێت، نەوەك یاسایی بوونی قەرزەکان یان لەو بابەتەی کە بۆی خەرج کراوە.

| | | |
|---|---|---|
| امیر قرنی محمدامین | عبدالقادر علی پیرداود | داود سلیمان مولود |
| فەرمانبەری یاسایی | ژمێرکاری یاسایی | ژمێرکاری یاسایی |
| ٢٠٢٠/٧/٥ | ٢٠٢٠/٧/٥ | ٢٠٢٠/٧/ |

| | |
|---|---|
| نسار محمد صابر | سلام عمر احمد |
| ژمێرکاری یاسایی | ژمێرکاری یاسایی |
| ٢٠٢٠/٧/٥ | ٢٠٢٠/٧/٥ |

**جبار عبدالفتاح محمد**

**بەڕێوەبەری گشتی**

٢٠٢٠/٧/٥

## پێنجەم: بەرزبوونەوەی ڕێژەی (گومرگ و باج و ڕەسم)

لەداوای ئابوری سەربەخۆ ، هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی داهاتی ناوخۆ ، بە تایبەت لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بابەتی زیادکرنی باج و ڕسومات یەکێکی دیکە بووە لەو پرسانەی هاوڵاتیان هەرێمی کوردستان نیگەران کردووە، حکومەتی هەرێم بەمەبەستی ڕێکخستن و زیادکردنی داهات (6) لیژنەی پێکهێناوە، ئەوانیش؛

1. لیژنەی ڕێکخستنی گومرگەکان.
2. لیژنەی پێداچوونەوەی گرێبەستی گومرگەکان.
3. لیژنەی لێبوردنی گومرگی.
4. لیژنەی پێداچوونەوە بە سیستمی باج.
5. لیژنەی پێداچوونەوە بە سیستمی رسومات.
6. لیژنەی پێداچوونەوە بە دۆسیەی نەوت.

بەپێی ڕاپۆرتێکی (ڕێکخراوی ستۆپ) دەربارەی (چاودێری هەڵسەنگاندن: هەنگاوەکانی چاکسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، حکومەتی هەرێمی کوردستان زیادکردنی باج و ڕسومات وەک ستراتیج وەرگرتووە، بۆ زیادکردنی داهات. لە هەنگاوەکان بەردەوام ئاماژە بەوە دەکرێت کە باج و رسوماتەکان بۆ سەر فرۆشتنی کۆمپانیا و دامەزراوە بازرگانی و شوێنی خزمەتگوزاری دەبێت، پێویستە ئەو هەنگاوانە نەبێتە بارگرانی بەسەر هاوڵاتیان. بەگوێرەی بە دواداچونەکان ئەو باج و رسوماتانەی حکومەت زیادی کردووە ڕاستەوخۆ بارگرانی بۆ سەر هاوڵاتیان دروستکردووە، لە نمونەی ئەم باجەی خراوەتە سەر شوێنە گەشتیارییەکان لە هۆتێل و مۆتێل و چێشخانەو کافتریا و... ئەو پارەیەی بە شێوەی جیا جیا لە خاڵە سنورییەکان لەلایەن کۆمپانیاکانەوە وەردەگیرێت، وەک چۆن پێشتر وەرگرتنی باج لە کۆمپانیاکانی گەیاندن ڕاستەوخۆ بووە هۆی گرانکردنی یەکەکانی موبایل و ئەنتەرنێت، بەهان شێوە ئەو کەل و پەلانەی باج و ڕسومات لەسەریان زیادی کردووە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان باجەکەی دەدەن، ئەمە سەرەڕای کۆکردنەوی پارەی خاشاک و ئاوو کارەباو ... ڕاستەوخۆ لەسەر هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا ڕێکخراوی ستۆپ لە ڕاپۆرتی ژمارە (5)ی ساڵی (2022) لە ژێر ناونیشانی "هەڵسەنگاندنی چاکسازی دارایی لە کابینەی نۆیەمدا؛ گرفتەکانی

بەڕێوەبردنی داهاتی ناوخۆ" بە وردی لەسەر پرسی داهاتی ناوخۆ وەستاوە (کە لێرەدا بەشە گرنگەکانی وەک خۆی دادەنێینەوە) لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە؛

**هەڵسەنگاندنی چاکسازی دارایی کە کابینەی نۆیەمدا؛ گرفتەکانی بەڕێوەبردنی داهاتی ناوخۆ**

کۆڵەکەی سیستمی حکومڕانی لە هەرێم بەهۆی ئەوەی لاوازە، یەکێک لەو سێکتەرانەی داهاتی ناوخۆیە کە پێویستی بە چاکسازی قووڵ هەیە، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە بەرواری ١٥ی ٧ی ٢٠١٩ یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداوە، پرسی ریفۆرمی دارایی وەک یەکێک لە بنەماکانی کارکردنی خۆی پەسەند کرد، لە چوارچێوەی (٥٢) خاڵی هێڵە گشتییەکانی کارنامەکەیدا، لە ١٣ خاڵدا باسی هێڵە گشتیەکانی چاکسازی کردووە، کە لە ٢ خاڵدا باسی لە داهاتی ناوخۆ کردووە. یەکێک لە ئامانجەکانی لە چوارچێوەی کارنامەکەیدا، چەسپاندنی شەفافیەت لە داهاتی ناوخۆ و دادپەروەریە لە وەرگرتنی باج کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لە خاڵی شەشەمی هێڵی گشتی چاکسازیدا هاتوو، "کاردەکەین بۆ چەسپاندنی شەفافیەت لە گشت بوارە داراییەکانی هەرێمدا، بە تایبەت لە بواری داهاتە نەوتییەکانی هەرێم و داهاتە ناوخۆییەکان. بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوە کاردەکەین بۆ دامەزراندنی سندوقی داهاتە نەوتییەکان بە پێی یاسای پەیوەندیدار"

هەروەها لە خاڵی هەشتەمی هێڵی گشتی چاکسازی هاتووە، "چاکسازی لە سیستەمی باج دەکەین و دەبێ دادپەروەری لە وەرگرتنی باج جێگیر ببێت و هەموو رێکارێکی یاسایی و کارگێڕی دەگرینەبەر بۆ ڕێگەگرتن لە خۆدزینەوە لە باج و میکانیزم و پێوەری تازە دەگرینە بەر بۆ ڕێکخستنی باج".

بە لە بەرچاوگرتنی ئەم دوو خاڵە لەم بەرنامەیەدا هەوڵدراوە لێکوڵینەوەو هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی چاکسازی کردن لە داهاتە گشتیەکانی حکومەتی هەرێم بکرێت، بەو پێیەی ئێستا هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی خەرجیەکانی بە پلەی یەکەم پشت بەداهاتی نەوت و بەپلەی دووەمیش پشت بەداهاتی نانەوتی دەبەستێت.

بۆ ئەم مەبەستە بەگوێرەی ئەو داتاو زانیاریانەی دەست تیمی ئامادەکردنی ڕاپۆرت لە رێکخراوی ستۆپ کەوتووە، بەراوردی داتاو ژمارەکانی داهاتی ناوخۆ لە سەرەتای کابینەی نۆیەم و ئێستا کراوە. بەگوێرەی بەراوردکارییەکان لە هەندێ بوار بەرەو پێشچونی سنوردار هەیە، بەتایبەت لە بواری داهاتی ناوخۆ، لە کەرتی نەوتیشدا لە

هەندێ بواریدا پاشەکشە دەبینرێت. بۆیە بە گشتی ئەوەی تێبینی دەکرێت، چاکسازی بۆ زیاترکردنی داهاتی گشتی تا ئێستا لە ئاستی پێویست نین، هەرچەندە هێشتا تەمەنی ئەم کابینەیە کۆتایی نەهاتووە بۆ هەڵسەنگاندنی کۆتایی، بەڵام بەگشتی تاکو ئێستا هەنگاوەکان لە ئاستی بەڵێنەکان نین.

## داهاتی ناوخۆ

بۆ تێگەیشتن لە پرسی داهاتی ناوخۆی هەرێم دەبێت بە سێ قۆناغ دابەشی بکەین:

### قۆناغی یەکەم: 1992 – 2003

حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای دروستبوونی یەکەم کابینەی لە ساڵی ١٩٩٢ سەرچاوەکانی داهاتی دیاری کراوبوون، بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بەداهاتی ناوخۆ بەتایبەتیش داهاتی خاڵە سنورییەکان بەستبوو، بە هۆی باڵادەست بوونی حیزب بەسەر دەروازە سنورییەکان، دواتر هەڵگیرسانی شەری ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٤، لە دەرئەنجامی ئەو شەڕە هەرێمی کوردستان بوو بە دوو ئیدارە لە نێوان هەولێر و سلێمانی، بەو هۆیانەوە کێشەی کونترۆڵ نەکردنی تەواوی سەرچاوەکانی داهاتی بووە کێشەیەکی سەرەکی بەرێوەبردنی داهاتی ناوخۆ.

لەو قۆناغەدا، لە یاسای بودجەی گشتی ساڵانە بەگشتی ئاماژە بە گوژمەی دیاریکراو وەک داهات کراوە، بەڵام پۆلێن نەکراوە کە سەرچاوەکانی داهات چۆن و لە کوێ دەستخراوە، ئەگەرچی زانیاریەکان پێشانی دەدەن لەم قۆناغەدا دەروازە سنورییەکان سەرچاوەیەکی سەرەکی کۆکردنەوەی داهات بووە.

### قۆناغی دووەم: 2003 – 2014

هەرێمی کورستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٤ بەدواوە بەگوێرەی رێککەوتن، بریاردرا بڕی بودجەو شایستەی دارایی ١٧%ی لە حکومەتی ناوەندییەوە بۆ بێت، کە بووبە سەرچاوەی سەرەکی داهات و خەرجییەکان، بەگوێرەی خەرجیەکانی بەر لەو قۆناغە بڕەکە یەکجار زۆر بووە، بۆ ئەوەش بەراوردێک لە

نێوان قۆناغی پێش ٢٠٠٤ و دواتر دەکەین، بەگوێرەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠١ سەرجەمی داهاتی هەرێم (١ ملیار و ٤٩٢ ملیۆن و ٤١١ هەزار ٨٧٠ دیناری عیراقی بووە) خەرجیەکانیشی (٢ ملیار و ٢٧٢ ملیۆن ٣٢٥ هەزار دینار بووە) لە کاتێکدا دوای هاتنی پارەکەی بەغدا بەگوێرەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ پارەی تەرخانکراو بڕی (٧ ترلیۆن و ٨٤٧ ملیار و ٦٦٠ ملیۆن دینار بووە) خەرجیەکانیش دوو بەش بووە (٥ ترلیۆن و ٥١٨ ملیار و ٢٨٧ ملیۆن دینار بۆ خەرجی بەگەڕخستن) بڕی (٢ ترلیۆن و ٢٨٥ ملیار ٥٥٦ ملیۆن دینار بۆ خەرجی وەبەرهێنان تەرخان کراوە) ئەم پارە زۆرەی کە لە بەغداوە دەهات وای کرد چاوەکان لە سەر داهاتی ناوخۆ لابچن، بەشێکیشی خراپ بەکارهێنرا بۆ خۆ دزینەوە لە باج، ئەگەرچی بەردەوام بەغدا کێشەی هەبوو لەگەڵ شێوازی کۆکردنەوەی داهاتی ناوخۆیی بەتایبەت لە دەروازە سنوریەکان، ئەم دۆخە وایکرد لە ناوخۆی هەرێم هەوڵەکان بۆ چاکسازی لە کۆکردنەوەی داهاتەکانی ناوخۆ دوابکەوێت بۆ قۆناغی دواتر، لەو قۆناغەدا، لە یاسای بودجەی ساڵانە ئاماژە کراوە بەو بڕە بودجەی کە لە بەغدا هاتووە.

## قۆناغی سێیەم: 2014 تا ئێستا

ئەو قۆناغە دوای بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ لە لایەن حکومەتی فیدراڵی دەستپێدەکات، بەهۆی ئەوەی حکومەتی هەرێم ژێرخانی ئابووری پتەو و سندوقێکی یەکگرتووی بۆ کۆکردنەوەو گلدانەوەی داهاتەکان نەبوو، ڕاستەوخۆ توشی قەیرانی دارایی بوویەوە. بەر لەو قۆناغە لاوازی و چاوپۆشی لە کارە نایاساییەکان لە کۆکردنەوەی داهات (قاچاخچیەتی لە خاڵە سنورییەکان، خۆدزینەوە لە پێدانی باج، هەبوونی ئاسانکاری لە کۆکردنەوەی باج و رسومات) بەو شێوازە حکومەت گەرایەوە بۆ سەر داهاتی ناوخۆ، رێکارەکانی وەرگرتنی باج و رسومات توندکرایەوە، لە ساڵی ٢٠١٦ بەرنامەی ڕێکخستنەوەی داهات دەستی پێکرد. گلەیی هاوڵاتیان و کۆمپانیا و ناوەندە بازرگانیەکان لە حکومەت دەستی پێکرد کە باج و رسوماتی لە سەر زیاد کردوون لە کاتێکدا لە قەیراندان و باروگوزەرانیان خراپ بووە، بەگوێرەی داتاکانیش، زیادبوونی داهاتی ناوخۆ ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر بووە، بەهۆی ڕێوشوێنەکانی حکومەت. بەگشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا چوار سەرچاوەی داهاتی سەرەکی هەیە، کە بریتییە لە، داهاتی نەوتی، داهاتی نا-نەوتی (ناوخۆ)، پارەی حکومەتی فیدراڵی و هاوکاری هاوپەیمانان.

## سەرچاوەکانی داهاتی نانەوتی

حکومەتی هەرێم ئێستا داهاتی نانەوتی لە دوو سەرچاوەی سەرەکی بەدەست دەهێنیت، یەکەم داهاتی باجەکان کە بەشێوازی زۆرەملێ وەردەگیرێت. دووەم داهاتی غەیرە–باج، وەک رسومات و کرێی خزمەتگوزاری و سزاکان. لە بنەڕەتدا نابێ بەمەبەستی زیادکردنی داهات وەربگیرێت، بەڵکو بۆ گەڕاندنەوەی بەشێک لە تێچووی ئەو خزمەتگوزارییە سەرەکیانەی حکومەت پێشکەشیان دەکات یان بۆ سەپاندنی یاسا. بەگوێرەی زانیارییەکان بە (417) ڕێگا باج و رسومات و کرێ و سزاکان وەردەگیرێت و دەبێتە سەرچاوەی داهاتی نانەوتی. یاساکانی باج لە هەرێمی کوردستان ئەو یاسا کۆنانەیە کە پێش راپەڕین حکومەتی عێراق هەبوون، بەڵام دواتر لە پەرلەمانی کوردستان هەموار کراونەتەوە.

لێرەدا دەربارەی داهات بەگشتی و سەرچاوەکانی داهاتی نانەوتی لە هەرێمی کوردستان بە کورتی پێناسەی دەکەین:

داهات: بریتیە لە کۆمەڵێک دارایی، کە حکومەت لە سەرچاوەی جیاوازەوە کۆیدەکاتەوە، بەمەبەستی دابینکردنی خەرجی گشتی و بەئامانجی دارشتنی سیاسەتی دارایی و ئابووری وڵات. داهاتی نانەوتی لە دوو سەرچاوەی سەرەکی و بەدەست دەهێنرێن بەوشێوەیەی خوارەوە:

یەکەم داهاتی باجەکان: کە بە شێوازی زورەملێ وەردەگیرێت و بۆ مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی بەکاردەهێنرێت.

دووەم داهاتی غەیرە–باج: وەک رسومات و کرێی خزمەتگوزاری و سزاکان. لە بنەرەتدا بەمەبەستی زیادکردنی داهات وەرناگیرێن، بەڵکو بۆ گەراندنەوەی بەشێک لە تێچووی ئەو خزمەتگوزارییە سەرەکیانەی حکومەت پێشکەشیان دەکات یان بۆ سەپاندنی یاسا.

مەبەست لە وەرگرتنی رسومات: بەگشتی مەبەستی سەرەکی لە وەرگرتنی رسوماتی مامەڵە و کرێی خزمەتگوزارییە بنەرەتییەکان، زیادکردنی داهات نییە، بەڵکو گەڕاندنەوەی تێچووی دابینکردنی خزمەتەکانە. بۆ زیادکردنی داهاتی گشتی حکومەت، دەبێ پشت بەوەرگرتنی باجەکان ببەستریت. ئەمەش بەهەمان شێوەی رسومات، دەبێت پابەندی سیاسەتێکی گشتگیر و دیراسەت کراوبێت. نادادپەروەری و بارگرانی لە سەر هاوڵاتیان دروست نەکات. پێویستە ببێتە هۆی بەرپابوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

سەرچاوەکانی داهاتی ناوخۆ لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتین لە (باج، رەسم، رەسمی گومرگی، کرێیەکان، سزای دارایی، داهاتی راسمالی و داهاتی تەحویلی).

## ژمارەی ناجدەران لە هەرێمی کوردستان

| سەرچاوەکانی باجدەران | ژمارەی باجدەران |
|---|---|
| کۆمپانیاکان | 24,169 |
| دەرامەت | 415,445 |
| خانوبەرە | 1,410,380 |

ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی زانیارییەکان ئێستا کۆمپانیاکان سەرو (30 هەزار)ی تێپەڕاندووە، بەڵام سەرجەم کۆمپانیاکان باج نادەن، هەندێک بەهۆی هەڵپەسادرن بەشێکیش بەهۆی نەبوونی قازانج، هەندێکیش خۆدزینەوە.

## داهاتی ناوخۆ لە ماوەی ساڵی (٢٠١٢ تا ٢٠٢١)

داهاتی ناوخۆ یاخود نانەوتی لە هەرێمی کوردستان لە ١٠ ساڵی رابردوو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو رێژەکەی بەپلەبەندی بەرزبۆتەوە، بەتایبەتی لە کابینەی نۆیەم رێکارەکانی کۆکردنەوەی داهاتی ناوخۆ توند کراونەتەوە، ئاماری ١٠ ساڵی رابردوو بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠١٢ تاوەکو ساڵی ٢٠٢١ ئەوە دەردەخات ساڵ دوای ساڵ رێژەی داهاتی ناوخۆ زیادی کردووە، لە دەرئەنجامی قەیرانی ئابوری و توندکردنەوەی رێکارەکانی وەرگرتنی باج لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. بەم شێوەیە بووە؛

## داهاتی باج لە هەرێمی کوردستان لە (10) ساڵی ڕابردوودا

| ساڵ | بڕی باج بە دینار |
|---|---|
| 2012 | 128 ملیار |
| 2013 | 161 ملیار |
| 2014 | 212 ملیار |
| 2015 | 190 ملیار |
| 2016 | 176 ملیار |
| 2017 | 206 ملیار |
| 2018 | 308 ملیار |
| 2019 | 627 ملیار |
| 2020 | 578 ملیار |
| 2021 | 796 ملیار |

واتە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2012 داهاتی باج بڕەکەی 128 ملیار دینار بووە، بەڵام ئەو ڕێژەیە بۆ ساڵی (2021) زۆر بەرز دەبێتەوەو بڕەکەی دەگاتە (796) ملیار دینار بە ڕێژەی (621%) زیادی کردووە.

| ساڵ | بڕی داهاتی باج بە دینار |
|---|---|
| 2012 | 128 ملیار |
| 2021 | 796 ملیار |

## هۆکارەکانی زیادبوونی داهاتی ناوخۆ

### یەکەم؛ توندکردنەوەی ڕێکارەکانی وەرگرتنی باج

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێیوایە، ئەو گۆڕانکاریانە لە ئەنجامی توندکردنەوەی ڕێکارەکان و چاکسازی بوو لە بواری باج، بە پابەندکردنی کۆمپانیاکانی وزەو گواستنەوەو گەیاندن بە پێدانی شایستە داراییەکان و بڕی پارەی باج و رەسم و سزای دواکەوتن و قەرزەکانیان. هاوکات سەپاندنی باج لەسەر شوێنە گەشتیارییەکان، نەخۆشخانە تایبەتەکان و ڕێکخستنەوەو پێداچوونەوە و کۆنترۆڵکردنی کاروباری دەروازە سنوورییەکان و گرێبەستەکانیان. ڕێگریکردن لە خۆدزینەوەی باج و جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان و سزادانی سەرپێچیکاران. هەر بەشێک لەم چاکسازی و ڕێکخستنەوەی داهاتەکان هۆکار بونە لە کابینەی نۆیەم و لە ماوەی پێنج مانگ داهاتی ناوخۆی هەرێم لە (١٤٠ ملیۆن) دۆلارەوە بگاتە (٢٤٤ ملیۆن) دۆلار.

لە لایەکی دیکەدا زیادبونی باجدەرەکان، لە بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجدەران لە (٢٤٠) کۆمپانیا دوای دوو ساڵ زیادی کردووە بۆ (٦٧٨) کۆمپانیا، بە هۆی زیادکردنی ڕێوشوێنی وەرگرتنی باج لەسەر کۆمپانیاکان، هەرچەندە لە کۆی ئەو (٦٨٧) گەورە باجدەرە لە هەرێمی کوردستان نزیکەی (٢٥٠) کۆمپانیا باج دەدەن، چونکە پرۆژەکانیان زۆربەی پرۆژەی وەبەرهێنانن و بەپێی یاسای وەبەرهێنان بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لێخۆشبوونی باجیان بۆ کراوە.

### دووەم: ئایا چاکسازیی ریشەیی کراوە؟

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکێک لە ئامانجەکانی ئەوە بوو چاکسازی لەسیستەمی باج و دادپەروەری لە وەرگرتنی باج جێگیر بکەن، هەروەها ئەنجومەنی باڵای ئابووری هەرێمی کوردستان لە 4ی تەمموزی 2021 سەبارەت بەڕێکخستنەوەی باج و رسومات و میکانیزمی کۆکردنەوەی باجەکان بڕیاریدا، جێگری سەرۆکی حکومەت، سەرپەرشتی پرۆسەی ڕێکخستنەوەی باج و رسومات بکات. لەلایەکی دیکەوە ئەنجومەنی وەزیران بەفەرمانی (ژمارە٩٦)ی ڕێکەوتی 10ی 1ی 2021، بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی سیستەمی کۆکردنەوەی باج و رسومات ١١ بڕیاری دەرکرد، بەتایبەت پابەندکردنی کۆمپانیاکانی بواری ئەنتەرنێت و تیلیکۆم بە پێدانی

باجی فرۆشراوەکان و کۆمەڵیک بڕیاری دیکە، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچون ڕاسپێردراوە بۆ بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی وەزیران.

هەروەها حکومەتی هەرێم بۆ زۆرێک لە کاروبارەکانی پشت بە لیژنە دەبەستێت، بەتایبەت بۆ ئەنجامدانی بەدواداچون و لێکۆڵینەوە زۆر لیژنە دروست دەکات. کەچی ئەنجامی لیژنەکان وەک خۆی دەمێنێتەوەو کار لەسەر سپاردەی لیژنەکان ناکرێت. بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی رسومات حکومەتی هەرێم لیژنەی دیراسەتکردن و ڕێکخستنەوەی رسومات بەبڕیاری ژمارە (٣)ی ئەنجومەنی ئابووری لە27 ی 1ی 2020 پێکهێنا. ئەرکی ئەم لیژنەیە بریتییە لە ڕێکخستنەوەی داهاتی رسومات، بەپێی ئەو زانیاریانەی لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەتەوە بۆ ئەم مەبەستە تومار کراون. ئەو لیژنەیە لە کۆتایی کارەکەیدا راپۆرتێکیان پێشکەشی حکومەتی هەرێم کردوە.

لەچوارچێوەی هەڵسەنگاندن دەرکەوتووە حکومەتی هەرێم هەوڵەکانی لە چوارچێوەی دروست کردنی لیژنەو دەرکردنی بڕیار و ئامادەکردنی راپۆرت زۆر بووە، بەڵام لە ئەرزی واقع چاکسازیی ریشەیی بەدی ناکرێت. هاوکات جێبەجێکردنی ئەو راسپاردەو پێشنیارانەی ئەو لیژنانە کە لە راپۆرتەکان پێشکەشی حکومەت کراون جێبەجی ناکرێت.

## سێیەم: ئایا باج و رسومات زیاد کراوە؟

پرسی زیادکردنی باج و رسومات قسەو باسێکی زۆری دەربارە کراوە، رۆژانە هاوڵاتیان گلەیی لەبارەوە دەکەن، بەگوێرەی زانیارییەکانی بەڕێوەبەری گشتی باج و دەرامەتەکان، باج زیاد نەکراوە، تەنها ڕێکخراوەتەوە. هەروەها ئەنجومەنی باڵای ئابووری هەرێم دووپاتی کردوتەوە، "کە کابینەی نۆیەم هیچ باجێکی زیاد نەکردووە، بەڵکو تەنیا شێوازی کۆکردنەوەی باجەکانی ڕێکخستووەتەوەو ئەو باجانەی پێشتر بەپێی یاسا دانراون، کۆیان دەکاتەوە. "حکومەتی هەرێم پێیوایە، گلەیی هاوڵاتیان لەزیادبوونی باج و رسومات لەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێشتر هەرێمی کوردستان بودجەو شایستەی دارایی لە بەغدا بۆ هاتووە، کەمتر پشت بەداهاتی ناوخۆ بەستراوەو لە وەرگرتنی باج و رسومات چاوپۆشی کراوە.

دوابەدوا ساڵی ٢٠١٦ رسومات لە زۆربەی وەزارەت و دامەزراوەکان زیادی کرد، ئەنجومەنی وەزیران بەپشت بەستن بە ئەحکامی مادەی هەشتەم لەیاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کورستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، بەمەبەستی رێکخستنەوەی کرێ و رسومات، چەندین بڕیاری دەرکرد، بە نمونە بە بڕیاری ٧٨ی ساڵی ٢٠١٦ رسوماتی تاپۆکردنی خانووبەرە لە (١%) بۆ (٣%) زیادکرا، هەروەها بڕیاری ژمارە (٧٥)ی ساڵی ٢٠١٦ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەرگرتنی (رسووماتی) تایبەت بە کەرتی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان زیاد کرا. هەروەها بڕیاری ژمارە (٨٠)ی ساڵی٢٠١٦ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەرگرتنی (رسوومات) و کرێی لە بەرامبەر خزمەتگوزاری شارەوانییەکان لەهەرێمی کوردستان ئەمانە نیگەرانی و گلەیی زۆری هاوڵاتیانی لێکەوتەوە، بارگرانی لەسەر بژێوی هاووڵاتیان و بەتایبەتی چینی هەژار و مام ناوەندی کۆمەڵگە دروست کردوە. بەهۆی دواکەوتنی موچەوە لە دۆخەکی خراپی ئابوریدا بوون، کە لەسەروبەندی ساڵی ٢٠١٦ حکومەت بڕیارەکانی زیادکردنی رسوماتی دەرکرد.

لەو چوارچێوەیەدا ، کاریگەری و زیادبونەکانی رسومات دەرکەوت بە نمونە لە ساڵی ٢٠١٥ بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی تۆماری خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان، داهاتی رسوماتی نزیکەی 35 ملیار و ٤٨١ ملیۆن دینار بووە، کەچی لە ساڵی دواتر لە ٢٠١٦ گەیشتووەتە ٥٧ ملیار و 876 ملیۆن دینار، کە زیاتر لە ٢٢ ملیار دیناری داهاتی رسوماتی تاپۆکردنی خانووبەرە زیادیکردووە.

## چوارەم: ئایا زیادکردنەکانی رسومات یاسایین؟

بەپێی دەستوری عێراق لە ماددەی (٢٨)دا لەبرگەی یەکەم هاتووە؛ "باج و رسومات ناسەپێندرێت و هەموار ناکرێت و وەرناگیرێت و لێبوردن نایگرێتەوە تەنها بەیاسا نەبێت". برگەی دووەم، "خاوەن داهاتی کەم لەباج دەبەخشرێت بۆ ئەوەی رێگەنەرێت دەستدرێژی بکرێتە سەر لایەنی کەمی ئاستی بژێوی، ئەمەش بەیاسا رێکدەخریت". یاساناسان پێیانوایە، بەگوێرەی ئەو مادە دەستوریيە هەر سەپاندنی باج یان رسوماتێک زیادکردن و کەمکردنەوەی یان لێخۆشبون لێی دەبێ بە یاسایەک بێ کە لە پەرلەمانەوە دەرچووبێت، بەپێچەوانەوە بە ڕێنمایی یان بە بڕیاری حکومەت یان وەزیر سەپێندرابێ پووچەڵە.

## پێنجەم: پوچەڵکردنەوەی بڕیاری نایاسایی

وەک لەپێشتر روونکرایەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار و رێکاری وەرگرتنی باج و رسوماتی توندکردەوە. هاوکات چەندین بڕیاری وەرگرتنی رسوماتی نوێی دەرکرد، هاوڵاتیان و شارەزایانی یاسایی پێیان وابووە، ئەو بڕیارانە نایاسایین و لەکاتی قەیراندا بەسەر هاوڵاتیاندا سەپێندراوە. لەماوەی رابردوو دوو بڕیاری دادگا بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو گرێبەستانە دەرچووە.

یەکەم: دادگای پێداچونەوەی هەرێمی کوردستان، بەبڕیاری ژمارە ١٩٧ لە ٢٨/٣/٢٠٢٢ دەربارەی کردنەوەی گرێبەستی کۆکردنەوەی پارەی خۆڵ و خاشاک کەسپێردرا بوو بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بڕیاردرا بە پوچەڵکردنەوەی گرێبەستەکە، بەهۆی ئەوەی کەبەپێی یاسا (یاسای داهاتی شارەوانیەکان ژمارە 130 ساڵی 1963) کۆکردنەوەی باج و رسوماتی دەوڵەت، هەر ئەرکی دەوڵەت خۆیەتی نەک بیدات بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت. هەر بەپێی ئەم بڕیارەی دادگای تەمییز لەمەو دوا هاوڵاتیان دەتوانن پابەند نەبن بەپێدانی پارەی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک.

بەشێک لە یاساناسان پێیانوایە، لەسەر بنەمای ئەم بڕیارەی دادگای پێداچونەوە:

1. بەهەمان شێوە کۆکردنەوەی پارەی ئاو لەلایەن کۆمپانیاوە نایاساییە.
2. گرێبەستی حکومەت لەگەڵ کومپانیای دانان و کۆکردنەوەی پارەی سزای کامێرای هاتوچۆ بەهەمان شێوە نایاساییە.

دووەم: دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی – دادگای بەرایی سلێمانی/ ٢ بە ژمارە ٢٣٧٣/ب/٢٠٢١ لە رێکەوتی ٢٩/٥/٢٠٢٢ دا، پاڵپشت بەبڕیارێکی پێشوتری ئەنجومەنی شورای هەرێم ئەو گرێبەستەی وەزارەتی داد لەگەڵ کۆمپانیای کەرتی تایبەت کردویەتی کە لە فەرمانگەکانی دادنووس پارە وەردەگرن لە هاوڵاتیان، بڕیاریداوە لە ڕووی یاساییەوە پوچەڵە.

## گرفتەکانی بەردەم کۆکردنەوەی داهاتی نانەوتی

### یەکەم: مامەڵەی دوو ئیدارەیی

لەهەرێمی کوردستان لەهیچ دەق و بەڵگەنامەیەکی رەسمی و یاسا نییە کە تێیدا دوو ئیدارەیی چەسپابێت، تەنها دابەش بوونەکە لە دەرئەنجامی شەری ناوخۆ و دوو ئیدارەیی لەنێوان هەولێر و سلێمانی دروست بووە، هەروەها هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە کە کۆکردنەوەی داهات یەکگرتو نەبێت. بڕیار لەئیدارەدانی ناوچەکان بەپێی داهاتی خۆی بیکات.

لەدەرەوەی یاسای بودجە شێوازی بەڕێوەبردنی خەرجی و داهات لە هەرێمی کوردستان چەندین ساڵە بەم شێوەیە دابەشکراوە، (٥٧%) هەولێر (٤٣%) سلێمانی. ئەنجومەنی باڵای ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢١ بڕیاری داوە، مانگانە لەداهاتی ناوخۆ بۆ تەمویلی موچە لەئیدارەی هەولێر (٩٣ ملیار) دینار و ئیدارەی سلێمانی (75 ملیار) دینار دابین بکرێت.

### دووەم: کێشەکانی کۆکردنەوەی داهاتی ناوچەکان

کۆکردنەوەی داهاتی ناوخۆ لەهەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی مەرکەزی نەبووە، کە بگەڕێتەوە یەک خەزێنەو دواتر بەشێوەیەکی یەکگرتوو مامەڵەی پێوەبکرێت، لە رابردوو ٢ لقی بانکی ناوەندی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی هەبوو، بەڵام بانکی ناوەندی عێراق وەک لقی خۆی مامەڵەی لەگەڵ نەدەکردن. ساڵی ٢٠١٦ بانکی ناوەندی عێراق بڕیاریدا لقی خۆی بە فەرمی لەهەرێمی کوردستان بکاتەوە. لەساڵی ٢٠١٧ بانکی ناوەندی هەرێم لقی هەولێر هەڵوەشایەوە، بانکی ناوەندی عێراق/ لقی هەولێر کرایەوە، بڕیار بوو دواتر لە سلیمانیش بکریتەوە، بەڵام نەکرایەوەو بانکی ناوەندی هەرێم – سلێمانی مایەوە تا ئیستاش بەردەوامە. داهاتی نانەوتی لەناوچەی سلێمانی بۆ بانکی ناوەندی هەرێم – سلێمانی دەگەڕێتەوە. هاوکات بەهۆی دابەشبوونی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لەنێوان دوو زۆن مامەڵەی ئیدارەدانی داهات بەگشتی یەکگرتوو نەبووە. کێشە لەنێوان وەزارەتی دارایی و ئابوری لەگەڵ بانکی ناوەندی هەرێم – سلێمانی دروست بوو، کار گەیشت بەوەی وەزارەت کاردانەوەی هەبێت. کە بەم شێوەیە:

- دروستکردنی لیژنە لەسەر کێشەکانی کۆکردنەوەی داهاتی نانەوتی و نەمانی نەختینە.
- ڕاگرتنی سەرجەم دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری بانکی ناوەندی هەرێم – سلێمانی.
- ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکی ناوەندی هەرێم – سلێمانی، سەرجەم بانکەکان دەستکاری سیولەی نەختینەیی دانراوی ئەژمیرە جیاوازەکانی هاوڵاتییان نەکرێت.
- دانیشتنی وەزیری دارایی و ئابوری نزیکەی ٢ مانگ.
- ئەنجومەنی وەزیران لە ١٧/٥/٢٠٢٢ لیژنەیەکی بۆ بەدواداچونی گرفتەکانی داهاتی نانەوتی سنوری سلێمانی پێکهێنا.

## سێیەم: کێشەی تەکنیکی لەکۆکردنەوەی داهاتی ناوخۆ

سەبارەت بەکێشەی تەکنیکی کۆکردنەوەی داهات، بەشێکی گەورە باجدەرانی ناوچەی سلێمانی لە هەولێر باجەکانیان دەدەن و لێخۆشبونیان بۆ دەکرێت. لێخۆشبونە گومرگیەکان بۆ خاڵە سنورییەکانی سلێمانی دەنێرن.

هەروەها گەر بەراوردی ڕێژەی داهاتی ناوخۆ لە نێوان هەولێر و سلێمانی بکرێت، بە دڵنیاییەوە وەک یەک دەرناچێت، هۆکاریش بۆ ئەوە زۆرە، ڕێژەی باجدەرانیان وەک یەک نییە، لەهەولێر کۆمپانیاکان ژمارەیان زیاترە.

- کۆکردنەوەی داهاتەکان یەکێکە لە کێشەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان، سیستەمی ئابووری حکومەتی هەرێم توکمەو پیشکەوتوو نییە، پاڵپشت بەتەکنەلوژیا و داتا و سیستەمێکی بانکی بەهێز نییە. گرنگە سەرجەم داهاتەکان لە خەزێنەی گشتی بەسیستمێکی ئەلیکترۆنی تۆماری داهات بکرێت، بەهۆی نەبوونی سیستمێکی تۆمارکردنی ئەلیکترونی ناروونی هەیەو پولێنکردنی داهاتەکان ئالوزە کە بتوانن کۆی گشتی داهاتی رسومات یان ژمارەی مامەڵەکان بخەنەڕوو.
- نەبوونی پەیوەندی نێوان دامودەزگاکان و ئالوگورکردنی زانیاری نێوانیان، بەتایبەتیش نەبوونی ژمارەی باجی یەکگرتوو. هاوکات هەبوونی یەکەی ژمێریاری لامەرکەزی بوتە هۆی دەستنەکەوتنی داتا و زانیاری راست و دروست لەسەر داهات. زۆری ژمارەی یەکەی ژمێریاری، دەکرێت یەکە

ژمێرپارییەکان کەمبکرێنەوەو لەهەر پارێزگایەک یان لەسەر ئاستی قەزا، یەکەی ژمێریاری گەورە دروست بکرێت.

## زیانەکانی مامەڵەکردنی دوو ئیدارەیی بەرامبەر داهاتی نانەوتی:

1. وون بوونی داهاتی راستەقینەی هەرێمی کوردستان.
2. نەمانی متمانەی هاوڵاتیان بە حکومەت.
3. پاشاگەردانی لە بەرێوەبردنی پرۆژەکان و دابەشکردنی مووچە.
4. کردنەوەی دەرگای گەندەڵی و قاچاخچیەتی.
5. رۆڵی دامەزراوەکانی لاواز کردووە لەبەرێوەبردنی ئەرکەکانیان. بەرپرسیارێتی راستەقینەی دامەزراوەکان ون بووە.
6. داهاتی گشتی نەوتی و نانەوتی لەیەک سندوق کۆناکرێتەوە.
7. نەمانی سەقامگیری سیاسی و ئیداری و ئابوریی، کاریگەری لەسەر بازاڕ و ژیانی هاوڵاتیان و گەشەی ئابووری کردووە.

## شەشەم: کاریگەری ئابوری سەربەخۆ لەسەر موچە خۆرانی هەرێمی کوردستان

بەهۆی ڕاگەیاندنی سەربەخۆی ئابوری و ڕاگرتنی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق فەرمانبەران و موچەخۆران دوو جۆر لە وەرگرتنی شایستەی داراییەکانیان لای حکومەتی هەرێمی کوردستان زەرەرمەندبوون، کە ئەوانیش بریتین لە شایستەی (بەرزە موچە)ی فەرمابەران و موچەی (پاشەکەوت، لێبڕین و چارەکە موچە)، لە خوارەوە ڕاڤەی هەردوو ئەو جۆرە شایستەیە دەکەین و قەبارەی ئەو شایستانە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوندەکەینەوە.

### 1. ڕاگرتنی پلە بەرزکرنەوە (بەرزە موچە)ی فەرمانبەران

لە (2016/1/1)ەوە پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەران، کە مافێکی یاساییە بەپێی یاسای (موچەی فەرمانبەرانی دەوڵەتو کەرتی گشتی ژمارە 22ی ساڵی 2008)ی عێراق جێگیرکراوە، ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت. ڕاگیراوە و تا ئێستا هیچ بڕیارێکی حکومەتی هەرێم نییە بۆ پێدانەوەی ئەو مافە بە فەرمانبەران، ئەم پرسە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە (7) ساڵ نەبووەتە جێی گفتووگۆی جدی حکومەت و پەرلەمان.

ئەمە لە کاتێکدایە پلە بەرزکردنەوەی هێزەکانی ناوخۆ و پلە بەرزکردنەوە لە وەزارەتی پێشمەرگە لەساڵی (2021)ەوە دەستی پێکردووەتەوەو لە ساڵی ٢٠١٧ەوە ڕاوەستابو، بەڵام بەپێی نووسراوی ژمارە 7797ی وەزارەتی پێشمەرگە کە لە ڕۆژی 15-06-2021 دەرچووە و لەلایەن شۆڕش ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگەوە واژۆ کرابوو، بڕیاردراوە بە بەرزکردنەوەی پلەی (5 هەزار و 995) پلەدار و پێشمەرگەی سەر بە دیوانی وەزارەت و لیواکان.

کەواتە فەرمانبەرانی مەدەنی و مامۆستایانی هەرێم زەرەرمەندی یەکەمن، کە بەپێی داتاکانی بایۆمێتری ژمارەی فەرمانبەرانی مەدەنی و مامۆستایان (710 هەزار و 282) کەسە.

جگە لەوەی ڕاگرتنی پلەبەرزکردنەوە کێشەی زۆری کارگێری وەزیفی دروستکردووە، تەنانەت بە هەزاران فەرمانبەر و مامۆستا هەیە خانەنشین کراون، بەبێ ئەوەی

پلەبەرزکردنەوەیان بۆ کرابێت، بەمەش ئەو فەرمانبەرانەی مافی پلە بەرزکردنەوەیان هەبووە و پیش وەرگرتنی پلەکەیان خانەنشین بوون بە درێژایی ژیان باجی بڕیاری ڕاگرتنی پلەبەرزکردنەوە دەدەن.

بەپێی زانیارییەکان زیاتر (40 هەزار) کەس  لە نێوان (2014 بۆ 2021) لەهەرێمی کوردستان خانەنشین بوون.
سەبارەت بەو بڕە پارەیەی کە بەهۆی بڕیاری ڕاگرتنی پلە بەرزکرنەوەی فەرمانبەرانەوە لەسەر حکومەت کەڵەکە بووەو دەبێت، هیچ زانیارییەکی ورد لەبەردەست نییەو حکومەتیش هیچ ڕونکردنەوەکی لەو بارەیەوە نەبووە لەبەر ئەوەی؛

- بەشێک لە فەرمانبەران و مامۆستایان دوو پلە بەرزکردنەوەیان لای حکومەت کەڵەکە بووە، بەتایبەت ئەوانەی لەدوای (2012)ەوە دامەزراون، یان کاتی پلە بەرزکردنەوەیان کەوتووەتە کۆتاییەکانی ساڵی 2016ەوە کاتێک مافی پلە بەرزکردنەوەیان هەبووە و بەهۆی بڕیارەکەی حکومەتەوە سودمەند نەبوونە. پلە وەزیفییەکانیان لە نێوان (6 – 10) دایەو (4) ساڵ جارێک پلەکانیان بەرز دەکرێتەوە.
- بەشێک لە فەرمانبەران و مامۆستیان یەک پلە بەرزکردنەوەیان لای حکومەت کەڵەکەبووە، بەتایبەت ئەوانەی لە ساڵانی (2011 بۆ 2015) لەو مافە سودمەند بوونەو پلەی وەزیفیان لە نێوان (1 – 5)دایەو (5) ساڵ جارێک پلەکانیان بەرز دەکرێتەوە.
- زانیاری ورد نییە لەبارەی کۆی ئەوەی فەرمانبەران و مامۆستایان (هەڵگری چی بڕوانامەیەکن، لە چ پلە و پلکانەیەکی وەزیفیدان، لە چ پۆستێکی ئیداریدان) چونکە دەرماڵەماڵەکان کاریگەری گەورە لەسەر ڕێژەی بەرزبوونەوەی موچەکانیان جێ دەهێڵێت.

بەڵام بەشێوەیەکی گریمانەیی بەهای ئەو قەرزەی "بەرزە موچە" کە دەبێت حکومەت بۆ فەرمانبەرانی بگەڕێنێتەوە بەدیاریکراوی نازانرێت، ئەگەر تێکڕای بەرزەموچە بە (50 هەزار) دینار ئەژماربکرێت، کە بۆ هەندێک پلەی وەزیفی لەم بڕە زیاترو بۆ هەندێک تر کەمترە، لەحاڵی دەستپێکردنەوەی خەرجکردنی بەرزەموچە بۆ فەرمانبەران کە ژمارەیان  (710 هەزار و 282) موچەخۆرە، کە بۆ هەر مانگێک دەکاتە (35 ملیار و 514 ملیۆن و 100 هەزار) دینار.

بەمەش ئەگەر تەنها بۆ فەرمانبەرێک یەک پلە بەرزکردەنەوە و بۆ هەر پلە بەرزکرنەوەیەک (50 هەزار) دینار بخەملێنین _چونکە هەر پلە بەرزکردنەوەیەک فەرمانبەر (26 هەزار دینار بۆ 122 هەزار دینار) دەچێتە سەر موچەکەی_ بۆ (8 ساڵ و 4 مانگ) کە دەکاتە (100 مانگی) ڕابردوو، بریتیە لە (3 ترلیۆن و 551 ملیار و 410 ملیۆن) دینار.

ئەگەر نیوەی ئەو فەرمانبەرانە مافی دوو جار پلە بەرزکردنەوەیان لای حکومەتی هەرێم بێت، ئەوا ئەم بڕەش لە شایستەی دارایی موچەخۆران وەک بەرزە موچە لەسەر حکومەت کەڵەکە دەبێت. بڕەکەی بریتی دەبێت لە (ترلیۆنێک و 775 ملیار و 705 ملیۆن) دینار.

بەم پێیەش کۆی ئەو شایستە داراییەی موچەخۆرانی شارستانی کە بەهۆی ڕاگرتنی بەرزە موچەوە بۆ حکومەتی هەرێم گەڕاوەتەوە بریتیە دەبێت لە (5 ترلیۆن و 327 ملیار و 115 ملیۆن) دینار.

## 2. پاشەکەوت و لێبڕینی موچە

ژمارەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە (1 ملیۆن و 250 هەزار) موچەخۆرە، ئەگەر دانیشتوانی هەرێمی کوردستان (6 ملیۆن) کەس بێت، ئەوا (20%) دانیشتوانی هەرێمی کوردستان موچە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن.

بە دیوێکی دیکەدا بەپێی داتاکانی دەستەی ئامار ژمارەی خێزان لە هەرێمی کوردستان (1 ملیۆن و 201 هەزار) خێزانە واتە بە نزیکەیی هەموو خێزانێک موچەیەکی بەردەکەوێت.

ئەم ڕاستییەی سەرەوە گرنگی و بایەخی موچە دەردەخات بۆ هاوڵاتیان و بازاڕ لە هەرێمی کوردستان. بەڵام هێشتا بابەتی هاتن و دابەشکردن و دابەشنەکردنی موچە هاوشێوەی ئەزمونی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەواڵی گەرم و بە پەلەی ئامرازو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە.

سەبارەت بەو شایستە داراییانەی موچەخۆران کەتووەتە لای حکومەتەوە، بە دوو جۆرە ئەوانیش بریتین لە؛

أ. **پاشەکەوتی مووچە**؛ ئەم قۆناغە لە سەردەمی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی بەڕێوەچوو، لەماوەی نێوان ساڵانی (2015 – 2018) مووچەخۆران (5) موچەی تەواویان پێنەدراوە (23) مانگیش چارەکە مووچەو (11) مانگیش بەشێک لەم موچەکانیان پاشەکەوت کرا.

سەبارەت بە کۆی پارەی پاشەکەوتەی موچەخۆران سەرۆکی حکومەتی هەرێم (مەسرور بارزانی) لە دانیشتنی رۆژی 2020/10/5 لە پەرلەمان رایگەیاند، قەرزەکانی سەر حکومەتی هەرێم زیادیان کردووە و بونەتە نزیکەی (28.5 ملیار) دۆلارە بووە.

لە بەشێکی قسەکانی تایبەت بە قەرزی موچە پاشەکەوتکراوەکانی فەرمانبەران ئەوەیان ڕاگەیاند کە بەهاکەی بریتیە لە (8 ملیار و 966 ملیۆن و 156 هەزار و 514) دۆلار، کە بەرامبەرە بە (10 ترلیۆن و 597 ملیار و 997 ملیۆن) دینار. ئەم زانیارییانەش پێش خەرنەجکردنی موچەی مانگەکانی (4، 5، 6، 7، 8، 12،11ی ساڵی 2020)ی لێبڕینەکانی ساڵانی (2021 – 2022)ی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بوو لە سەردەمی کابینەی نۆیەم؛

ب. لێبڕینی موچە؛ ئەم قۆناغە لە سەردەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی داهێنرا، لەم قۆناغەدا لەماوەی ساڵی (2020 – 2021) موچەخۆران (7) موچەی تەواویان بڕاو و (10) موچەشیان بە لێبڕینی (18%) و (21%) بۆ خەرجکرا.

هاوکات ڕۆژی 2021/6/28 ئامانج رەحیم سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند؛ "کۆی قەرزەکانی هەرێمی کوردستان لەمانگی 3ی 2020 (28 ملیار و 476 ملیۆن و 675 هەزار) دۆلار بووە، بەڵام لە مانگی 3ی 2021 گەیشتووەت بە: (31 ملیار و 637 ملیۆن دۆلار". دواتریش لە ڕونکردنەوەیەکدا ئەوەیان ڕاگەیاند؛ کە زیاکردنی ئەو (3) ملیار دۆلارە پەیوەندیدارە بە شایستە داراییەکانی فەرمانبەران بۆ مانگەکانی (5، 6، 7، 8، 12،11ی ساڵی 2020)ی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان".

کەواتە کۆی ئەو شایستە داراییەی موچە خۆران لە کابینەی نۆیەمدا لێیان بڕاوە بریتیە لە؛

- (7) مانگ موچەی بڕاو X (900 ملیار) دینار = (6 ترلیۆن 300 ملیار) دینار

- (10) مانگ بە لێبڕینی (21%) X (189 ملیار) دینار = (1 ترلیۆن 890 ملیار) دینار
- کەواتە کۆی ئەو موچانەی لەکابینەی نۆیەمدا لەموچە خۆران براوە دەکاتە؛ (6 ترلیۆن 300 ملیار) دینار + (1 ترلیۆن 890 ملیار) دینار = (8 ترلیۆن 190 ملیار) دینار

کەواتە کۆی ئەو شایستە داراییانەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، کە بەهۆی لێبڕین و پاشەکەوتی موچە لە لایەک و ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە لەلایەکی دیکە، بریتی لە؛

(18 ترلیۆن و 787 ملیار و 997 ملیۆن) دینار پاشەکەوت (لە کابیەی هەشتەم و نۆیەم) و (5 ترلیۆن و 327 ملیار و 115 ملیۆن) دینار ڕاگرتنی بەرزە موچە (لە کابینەی هەشتەم و نۆیەم) = (24 ترلیۆن و 115 ملیار و 112 ملیۆن) دینار.

خشتەی ژمارە (1)

شایستە داراییەکانی فەرمانبەران لای حکومەتی هەرێمی کوردستان

| ز | جۆری شایستە داراییەکان موچەخۆران لای حکومەتی هەرێم | بڕی شایستە داراییەکانی موچەخۆران بە دینار |
|---|---|---|
| 1 | موچە پاشەکەوتکراوەکان لە (کابینەی هەشتەم) | 10,597,997,000,000 |
| 2 | موچە براوەکان لە (کابینەی نۆیەم) | 8,190,000,000,000 |
| 3 | ڕاگرتنی بەرزە موچە لە (کابینەی هەشتەم و نۆیەم) | 5,327,115,000,000 |
| | کۆ | **24,115,112,000,000** |

## خشتەی ژمارە (2)

## شێوازی خەرجکردنی موچە لە ماوەی (2015 – 2021) لە هەرێمی کوردستان

| مانگەکان | 2015 | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەتەواوی خەرجکرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | بەشێکی پاشەکەوت کرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا |
| 2 | بەتەواوی خەرجکرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | بەشێکی پاشەکەوت کرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا |
| 3 | بەتەواوی خەرجکرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | بەشێکی پاشەکەوت کرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا |
| 4 | بەتەواوی خەرجکرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | بەشێکی پاشەکەوت کرا | بەتەواوی خەرجکرا | خەرج نەکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا |
| 5 | بەتەواوی خەرجکرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | بەشێکی پاشەکەوت کرا | بەتەواوی خەرجکرا | خەرج نەکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا |
| 6 | بەتەواوی خەرجکرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | بەشێکی پاشەکەوت کرا | بەتەواوی خەرجکرا | خەرج نەکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا |
| 7 | بەتەواوی خەرجکرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | بەشێکی پاشەکەوت کرا | بەتەواوی خەرجکرا | خەرج نەکرا | بەتەواوی خەرجکرا |
| 8 | بەتەواوی خەرجکرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | بەشێکی پاشەکەوت کرا | بەتەواوی خەرجکرا | خەرج نەکرا | بەتەواوی خەرجکرا |
| 9 | پاشەکەوت کرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | بەشێکی پاشەکەوت کرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا |
| 10 | پاشەکەوت کرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | بەشێکی پاشەکەوت کرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەلێبڕینەوە خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا |
| 11 | پاشەکەوت کرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | بەشێکی پاشەکەوت کرا | بەتەواوی خەرجکرا | خەرج نەکرا | بەتەواوی خەرجکرا |
| 12 | پاشەکەوت کرا | چارەکە موچە | پاشەکەوت کرا | بەتەواوی خەرجکرا | بەتەواوی خەرجکرا | خەرج نەکرا | بەتەواوی خەرجکرا |

## خەرجی و داهاتی مانگانەی تاک و خێزان لە هەرێمی کوردستان

ڕۆژی (2021/10/2) دکتۆر هەڤاڵ ئەبو بەکر پارێزگاری سلێمانی زینجیرەیەک ئاماری لە پەیجی فەرمی خۆی بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند؛ "پارێزگای سلێمانی، بە هەماهەنگیی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی و فەرمانگا پەیوەندیدارەکان بە پشتبەستن بە ئامارو کێوماڵە بەردەوامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەزارەتەکانی پلاندانان لە حکومەتی ئیتحادیی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، لێکۆڵینەوەیەکی ئاماریی بەراوردکاریی لەنێوان ساڵانی (١٩٩١ بۆ ٢٠٢١)، واتە ماوەی (30) سی ساڵی ڕابردوودا کردووەو تەواوی سێکتەرە جیاجیاکانی تێدا ئاماژە پێکراوە.

لە بەشێکی ئامارەکانیدا ئاماژە دراوە بە "داهات و خەرجی تاک" لە پارێزگای سلێمانی لە ساڵی (2021) تێکڕای خەرجی مانگێکی خێزان (ملیۆنێک و 123 هەزار) دینارە، تێکڕای خەرجی مانگێکی تاکەکەس (234 هەزار) دینارە.

تێکڕای داهاتی مانگێکی خێزان (842 هەزار و 400) دینارە، تێکڕای داهاتی مانگێکی تاکەکەس (187 هەزار و200) دینارە.

بەم پێیەش داهاتی مانگانەی هەر خێزانێک بڕی (280 هەزار و 600) دیناری کەمترە لە خەرجییەکانی، وەک چۆن خەرجی هەر تاکێکیش بڕی (46 هەزار و 800) دیناری زۆرترە لە داهاتی مانگێکی.

ئەمە لە کاتێکدا لە ساڵی (2012) لە کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێم (عەلی سندی –وەزیری پلاندانانی هەرێم) ڕایگەیاند داهاتی ساڵانەی تاک لە هەرێمی کوردستان (4 هەزار) دۆلاری تێپەڕاندووە، واتە مانگانە (333) دۆلاری مانگانە، لەو کاتەدا بەهای (1) دۆلاری ئەمریکی (هەزار و 166) دینار بووە، واتە داهاتی مانگانەی تاک بە دینار بریتی بووە لە (388 هەزار و 666) دینار بووە.

بەم پێیەش داهاتی تاک لە هەرێمی کوردستان لەساڵی (2021) بەراورد بە ساڵی (2012) بڕی (201 هەزار و 466) دینار و بەڕێژەی (52%) کەمی کردووە. (بڕوانە خشەی ژمارە (1))

خشتەی ژمارە (1)

داهاتی تاک لە هەرێمی کوردستان لە نێوان (2012 - 2021)

| ساڵ | 2012 | 2021 | بڕی کەمبوونەوەی داهات | ڕێژەی کەمبوونەوەی داهاتی تاک |
|---|---|---|---|---|
| داهاتی مانگانەی تاک بە دینار | 388,666 | 187,200 | 201,466 | 52% |

## بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری

بەپێی ڕوپێوییەکی (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی) لە نیوەی دووەمی ساڵی 2021؛

# بە تێکڕا لە ڕووی بەشداری هێزی کارەوە لەسەر ئاستی عێراق پارێزگای هەولێر گەورەترین بەشداری هەیەو ڕێژەکەی دەگاتە (47%)، لەدوای ئەویش پارێزگای سلێمانی دێت بە (46.3%) و دواین پارێزگاش ئەنبار دێت بە (31.7%).

# لە ڕووی بێ کارییەوە، لەسەر ئاستی گشتی عێراق بە تێکڕای (16.3%) تومار کراوە. لەسەر ئاستی پارێزگانیش نەینەوا بەرزترین ڕێژەی بێکاری تێدا تۆمار کراوەو ڕێژەکە گەیشتووە بە (32.8%)، پاشان موسەنا (27.3%)، زیقار (25.8%)، پارێزگای دهۆک (24.1%) و بەسرە (21.8%) ڕێژەی بێ کاری تێدا تۆمار کراوەو دواین پارێزگاش کە کەمترین ڕێژەی بێ کاری تێدا تۆمار کراوە بابل ە کە (5.5%)ە.

# ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بە تێکڕا نزیکەی (18%)ە، پارێزگای دهۆک (24.1%)، پارێزگای هەولێر (17.7%) و پارێزگای سلێمانی (11.9%)ی تێدا تۆمار کراوە.

# دەستی هێزی کار لە عێراقدا دابەشبووە بەسەر (9%)ی دەستی کار سەرقاڵی کاری کشتوکاڵن، (23%) کاری پیشەسازی دەکەن، نزیکەی (63%) لە سێکتەری خزمەتگوزاریدان و (4%) ی هێزی کار لە سێکتەرە ئابوردییەکانی دیکەدا کاردەکەن.

# دەستی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان دابەشبووە بەسەر (8%)ی دەستی کار سەرقاڵی کاری کشتوکاڵن، (17%) کاری پیشەسازی دەکەن، نزیکەی (73%) لە سێکتەری خزمەتگوزاریدان و (2%)ی هێزی کار لە سێکتەرە ئابوردییەکانی دیکەدا کاردەکەن.

بەڵام سەبارەت بە ڕێژەی بەشداری هێزی کار و ڕێژەی بێ کاری لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2021) ئامارەکانی بەم جۆرەیە؛

- لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان تێکڕای ڕێژەی بەشداری لە هێزی کار بریتیە لە (44.3%) و تێکڕای ڕێژەی بێکاری بریتییە کە (17.9%).
- پارێزگای هەولێر (47%) هێزی کاری تێدا بەگەڕخراوە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێم لە پلەی یەکەمدایە، بەڵام لە ڕووی بێ کارییەوە لە سەر ئاستی هەرێم بە پلەی دووەم دێت و (17.7%)ی هێزی کاری تێدا بێ کارە.
- پارێزگای سلێمانی (46.3%) هێزی کاری تێدا بەگەڕخراوە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێم لە پلەی دووەمدایە، بەڵام لە ڕووی بێ کارییەوە لە سەر ئاستی هەرێم بە پلەی دووەم دێت و (11.9%)ی هێزی کاری تێدا بێ کارە.
- پارێزگای دهۆک لەسەر ئاستی هەرێم لە دوای هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێرەوە دێت لە هەردوو دۆخی بەبێ کاری و خستنەگەڕی هێزی کارەوە، بە جۆرێک؛ (39.6%) هێزی کاری تێدا بەگەڕخراوە لەسەر ئاستی هەرێم لە پلەی سێیەمدایە، لە ڕووی بێ کارییەوەشەوەهەر پلەی سێیەم دێت و (24.1%)ی هێزی کاری تێدا بێ کارە.

بۆ بەرچاوڕونی بڕوانە (چارتی ژمارە (1))



## بەرزبوونەوەی نرخ و دابەزینی هێزی کڕین

پاڵپشت بەو داتاو زانیارییانەی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی/ سلێمانی، ڕۆژانە نرخی دراوو خۆراک لەبازاڕەکانی سلێمانی تۆمار دەکات، درەو دوو تۆمارەی جیاوازی بەڕێوەبەرایتییەکەی بەراورد کردووە کە لە (2029/9/23)ەو (2022/6/13) تۆماری کردوون (بڕوانە (هاوپێچی یەکەم و دووەم))، بەپێی ئامارەکە؛ نرخی سەرجەم کەل و پەل و دراوەکان بەڕێژەی جیاواز بەرز بوونەتەوە.

ئامارەکان بە جۆرێکە بە تێکڕای ئەو نمونانەی درەو وەریگرتوون بە ڕێژەی (44%) بەزبوونەتەوە.

بە واتایەکی تر ئەگەر ڕۆژی 23ی 9ی 2019، هاوڵاتییەک (ملیۆنێک) دیناری بۆ کڕینی سەرجەم شمەک و پێداویستییەکانی مانگێکی خێزانەکەی خەرجکردبێت. ئەوا ئەمڕۆ هەمان هاوڵاتی بۆ هەمان ئەو شمەکانەی لە ساڵی (2019) کڕیویەتی، بچێت بۆ بازاڕ پێویستە (ملیۆنێک و 440 هەزار) دیناری پێبێت. بۆ بەرچاو ڕونی بڕوانە (خشتەی ژمارە (2))

**خشتەی ژمارە (2)**

**نرخی شمەک و دراو لە نێوان (2019/9/23) (2022/6/13)**

| ناوی شمەک و دراو | نرخ بە دینار لە 2019/9/23 | نرخ بە دینار لە 2022/6/13 | بری بەرزبوونەوە بە دینار | رێژەی بەرزبوونەوە بەراورد بە نرخی (2022) | رێژەی بەرزبوونەوە بەراورد بە نرخی (2019) |
|---|---|---|---|---|---|
| 100 دۆلاری ئەمریکی | 120,450 | 148,550 | 28,100 | 19% | 23% |
| لیترێک بەنزینی موحەسەن | 600 | 1,375 | 775 | 56% | 129% |
| مسقاڵێک زێری عەیار 21 | 256,000 | 389,000 | 133,000 | 34% | 52% |
| (50) کیلۆ گرام ئاردی بوشلەری تورکی | 26,500 | 49,000 | 22,500 | 46% | 85% |
| (50) کیلۆ گرام ئاردی بایەعی | 12,000 | 33,000 | 21,000 | 64% | 175% |
| کارتۆنێک هێلکەی تورکی (12) تەبەقی | 41,000 | 45,000 | 4,000 | 9% | 10% |
| کیلۆیەک مریشکی سەربڕاوی ڕانیە | 3,500 | 5,000 | 1,500 | 30% | 43% |
| کیلۆیەک ڕۆنی زەیتی بایەعی | 1,500 | 3,250 | 1,750 | 54% | 117% |
| کیلۆیەک ڕۆنی تکسان | 2,750 | 4,750 | 2,000 | 42% | 73% |
| کیلۆیەک چای | 9,000 | 10,000 | 1,000 | 10% | 11% |
| کیلۆیەک شەکر | 750 | 1,250 | 500 | 40% | 67% |
| کیلۆیەک گۆشت | 16,000 | 17,000 | 1,000 | 6% | 6% |
| **کۆ** | **490,050** | **707,175** | **217,125** | **31%** | **44%** |



# هاوپێچی یەکەم

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی
بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی / سلێمانی
{ لیژنەی نرخ }

حكومة آقليم كوردستان
وزارة التجارة و الصناعة
المديرية العامة التجارية
المديريه الرقابة التجارية / السليمانية

ژمارە: ٢٦٧ — رۆژ: دوو شەممە — بەروار: ٢٠١٩/٩/٢٣

بۆ/
بابەت / نرخی دراو و زێڕ و خۆراک لە بازاڕی سلێمانی دا

| ژ | ناوی کەرەستە و دراو | نرخەکەی بە دیناری نوێ | | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| | | نرخی فرۆشتن بە هاوڵاتیان | نرخی کڕین | |
| ١ | {١٠٠} دۆلاری ئەمەریکی | ١٢٠٤٥٠ | ١٢٠٤٠٠ | |
| ٢ | {١٠٠} پاوەنی ئینگلیزی | ١٤٨٥٠٠ | ١٤٨٠٠٠ | |
| ٣ | {١٠٠} یۆرۆ | ١٣٣٠٠٠ | ١٣٢٥٠٠ | |
| ٤ | {١٠٠} لیرەی تورکی | ٢١٢٥٠ | ٢١٠٠٠ | |
| ٥ | {١٠٠٠٠٠}تمەنی ئێرانی بەرامبەردیناری عێراقی | ١٠٧٥٠ | ١٠٥٠٠ | |
| ٦ | {١} مسقاڵ زێری پاڵاوتە عیارە ( ٢٤) بۆ فرۆشتن | ٢٩٣٠٠٠ | ٢٩٣٠٠٠ | |
| ٧ | {١} مسقاڵ زێری عیارە ( ٢١) بۆ فرۆشتن | ٢٥٦٠٠٠ | ٢٥٦٠٠٠ | |
| ٨ | {١} مسقاڵ زێری عیارە ( ١٨) بۆ فرۆشتن | ٢٢٠٠٠٠ | ٢٢٠٠٠٠ | |
| ٩ | {١} لیرەی ئاڵتونی عیارە ٢٢ طبعی دووبەی | ٣٩٢٥٠٠ | ٣٩٢٥٠٠ | |
| ١٠ | {٥٠} کغم ئاردی سفری بوشلەری تورکی | ٢٦٥٠٠ | ٢٦٠٠٠ | |
| ١١ | {٥٠} کغم ئاردی بایعی | ١٢٠٠٠ | ١١٠٠٠ | |
| ١٢ | {١} یەک کارتۆن هێلکەی تورکی (١٢) تەبەقی | ٤١٠٠٠ | ٤٠٠٠٠ | |
| ١٣ | {١} یەک کارتۆن هێلکەی سوور (١٢) تەبەقی | نییە | نییە | |
| ١٤ | {١} کغم مریشکی سەربڕاوی ڕانیە | ٣٥٠٠ | ٣٤٠٠ | |
| ١٥ | {١} کغم مریشکی سەربڕاوی تورکی | ٢٤٠٠ | ٢٣٠٠ | |
| ١٦ | {١} کغم برنجی بایعی سامان | ١٢٥٠ | ١١٠٠ | |
| ١٧ | {١} کغم ڕۆنی زەیتی بایعی | ١٥٠٠ | ١٣٠٠ | |
| ١٨ | {١} کغم ڕۆنی تکسان | ٢٧٥٠ | ٢٥٠٠ | |
| ١٩ | {١} کغم چای أحمدی | ٩٠٠٠ | ٨٥٠٠ | |
| ٢٠ | {١} کغم شەکر | ٧٥٠ | ٦٠٠ | |
| ٢١ | {١} کغم دۆشاوی تەماتەی گڵنوش | ٢٠٠٠ | ١٧٥٠ | |
| ٢٢ | {١} کغم گۆشتی کار و بەرخ | ١٦٠٠٠ | ١٥٠٠٠ | |
| ٢٣ | {١} کغم گۆشتی ( قیمە ) | ١٦٠٠٠ | ١٥٠٠٠ | |

تێبینی/ ئەم نرخانەی سەرەوە لە کاتژمێر ( ٩.٣٠ ) ی سەر لە بەیانی وەرگیراوە .... لەگەڵ ڕێزدا

کوێستان قادر امین
ج / بەڕێوەبەر
٢٠١٩/٩/٢٣

Email: chawdery_slemany@yahoo.com {ژ.ت/ ٠٧٤٨٠١٠٤١٠٧ - ٠٧٤٨٠١٠٣١٥٣} کۆمەڵگەی بازرگانی / نزیک پردی کۆبانی

# هاوپێچی دووەم

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی
بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی / سلێمانی
﴿ لیژنەی نرخ ﴾

حكومة أقليم كوردستان
وزارة التجارة و الصناعة
المديرية العامة التجارية
المديريه الرقابة التجارية / السليمانية

ژمارە/١٦٤ — ڕۆژ/ دووشەممە — ڕێکەوت :٢٠٢٢/٦/١٣

دەرچوو

بۆ/

بابەت / نرخی دراو و زێر و خۆراک لە بازاڕی سلێمانی دا

| ژ | ناوی کەرەستە و دراو | نرخەکەی بە دیناری نوێ | | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| | | نرخی فرۆشتن بە هاوڵاتیان | نرخی کڕین | |
| ١ | { ١٠٠ } دۆلاری ئەمەریکی | ١٤٨٥٥٠ | ١٤٨٥٠٠ | |
| ٢ | { ١٠٠ } پاوەنی ئینگلیزی | ١٨٢٥٠٠ | ١٨٢٠٠٠ | |
| ٣ | { ١٠٠ } یۆرۆ | ١٥٦٥٠٠ | ١٥٦٠٠٠ | |
| ٤ | { ١٠٠} لیرەی تورکی | ٩٠٠٠ | ٨٧٥٠ | |
| ٥ | {١٠٠٠٠٠}تمەنی ئێرانی بەرامبەردیناری عێراقی | ٥٠٠٠ | ٤٧٥٠ | |
| ٦ | {١} مسقاڵ زێری پاڵاوتە عیارە ( ٢٤) بۆ فرۆشتن | ٤٤٥٠٠٠ | ----- | |
| ٧ | {١} مسقاڵ زێری عیارە ( ٢١) بۆ فرۆشتن | ٣٨٩٠٠٠ | ----- | |
| ٨ | {١} مسقاڵ زێری عیارە ( ١٨) بۆ فرۆشتن | ٣٣٣٠٠٠ | ----- | |
| ٩ | {١} لیرەی ڕەشادی عیارە ٢٢ طبعي دووبەی | ٥٩١٠٠٠ | ------ | |
| ١٠ | {٥٠} کغم ئاردی سفری بوشلەری تورکی | ٤٩٠٠٠ | ٤٨٥٠٠ | |
| ١١ | {٥٠} کغم ئاردی بایعی | ٣٣٠٠٠ | ٣٢٥٠٠ | |
| ١٢ | {١} یەک کارتۆن هێلکەی تورکی (١٢) تەبەقی | ٤٥٠٠٠ | ٤٤٠٠٠ | |
| ١٣ | {١} کغم مریشکی سەربڕاوی ڕانیە | ٥٠٠٠ | ٤٧٥٠ | |
| ١٤ | {١} کغم مریشکی سەربڕاوی تورکی | ٣٧٥٠ | ٣٦٥٠ | |
| ١٥ | {١} کغم برنجی بایعی سامان | ١٢٥٠ | ١٠٠٠ | |
| ١٦ | {١} کغم ڕۆنی زەیتی بایعی | ٣٢٥٠ | ٣٠٠٠ | |
| ١٧ | {١} کغم ڕۆنی تکسان | ٤٧٥٠ | ٤٥٠٠ | |
| ١٨ | {١} کغم چای أحمدی | ١٠٠٠٠ | ٩٥٠٠ | |
| ١٩ | {١} کغم شەکر | ١٢٥٠ | ١٠٠٠ | |
| ٢٠ | {١} کغم دۆشاوی تەماتەی گڵنوش | ٢٠٠٠ | ١٧٥٠ | |
| ٢١ | {١} کغم گۆشتی کار و بەرخ | ١٧٠٠٠ | ---- | |
| ٢٢ | {١} کغم گۆشتی ( قیمە ) | ١٧٠٠٠ | --- | |

تێبینی/ ئەم نرخانەی سەرەوە لە کاتژمێر ( ٩،٣٠ ) ی سەر لە بەیانی وەرگیراوە .... لەگەڵ ڕێزدا

سۆران عبدالغفور عزیز
بەڕێوەبەر
٢٠٢٢/٦/١٣

کۆمەڵگەی بازرگانی / نزیک پردی کۆیانی Email: chawdery_slemany@yahoo.com

## هەشتەم: لاوابوونی متمانەی سیاسی و دابەزینی ئاستی بەشداری لە هەڵبژادن

هەڵبژاردن ئەڵقەی پێکەوەبەستنی هاوڵاتیانی مەدەنییە بە پرۆسەی سیاسییە، بەلاَم لە پاڵ کۆمەڵێک هۆکاری وەک،

1. ساختەکاری لە سەرجەم هەڵبژاردنەکان.
2. چەقبەستوویی سیستمی سیاسی و ئاڵوگۆڕی کارتۆنیانەی دەسەڵاتی سیاسی.
3. بێ بەڵێنی و خۆدزینەوە لە بەرنامەو دروشمی کاندید و پارتە سیاسییەکان، دەوڵەمەندبوونی پارت و کاندیدە هەڵبژێردراوەکانیان لەسەر بودجەی گشتی.
4. بەکارتۆنی کردنی دامەزراوەو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی هەرێمی کوردستان، زاڵبوونی دەسەڵاتی قوڵی حیزب بنەماڵە و کەسایەتییەکان بەسەر دامەزراوە فەرمییەکان.
5. لە باربردنی خەمی گشتی و ئەولەویەتدانی پارتە سیاسییەکان بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان و کادرەکانیان.
6. بەرتەسکبوونەوەی ماف و ئازادییە گشتییەکان و پێشێل کردنی سەروەری یاسا.
7. بەردەوامی گەورەبوونی قەبارەی گەندەڵی و ناشەفافییەت لە داهات وخەرجی لە هەرێمی کوردستان.
8. درێژەدان بە قەیرانە بەردەوامەکان، بەجێهێشتنیان لە کەبینەیەکەوە بۆ کابینەیەکی تر و لە بۆ حکومەتێکی تر و خۆ دزینەوە لە چارەسەر و یەکتر تۆمەتبارکردن بە کەمتەرخەمی.
9. ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیدا.
10. نادادپەروەری لە زۆربەی کایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی و کارگێڕی و پەروەردەیی و وەزشی و هونەری و سەربازی شوڕبوونەوەی بۆ سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگاو دروستبوونی بۆشایی گەورە لە نێوان بەرپرسانی سیاسی و منداڵەکانیان بەراورد بە خەڵک ئاسایی و منداڵەکانیان، سەرچاوەیەکی گەورەی نا ئومێدییە لە پرۆسەی سیاسی و حکومڕانی هەرێمدا.

11. دوانزەیەم: چارەسەرنەکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند لە بوارەکانی (وەزە، پێشمەرگە، دەستور، ماددەی ١٤٠...).

هەموو ئەو هۆکارانە و دەکرێت دەیان هۆکاری دیکەی بچوک و گەورە لەپاڵ ئەو پاشەکشەو بێ ئومێدییەوە بێت، کەبەرۆکی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانی گرتووە، وایکردووە باوەڕیان بە بەشداری لە هەڵبژاردن لەق ببێت و وەک سەرچاوەیەکی گرنگی بەرپاکردنی پرۆسەی دیموکراسی لێی نەڕوانن، بەم نەفەسەی ئێستای حوکڕانانی هەرێم بێ متمانەییەکە قوڵتر دەبێتەوە، خۆ دزینەوە لە چاکسازی ڕاستەقینەو جددی هێندەی دیکە هەڵبژاردن بە کارتۆنی تر و بێ بایەختر دەکات و لەسەر ڕێڕەوی دیموکراسی لایدەبات.

بەڵام لەدوای ڕاگەیاندنی ئابوری سەربەخۆ لە ساڵی (2014)ەوە، کە دابەزینی ئاستی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک (موچە، ئاو، کارەبا، ڕێگەوبان، تەندروستی و پەروەردە ...)ی بە دوای خۆیدا هێنا، دەکرێت وەک هۆکارێکی گرنگ تەماشا بکرێت لە ڕەوینەوەی هاوڵاتیان لە بەشداریکردنیان لە پرۆسەکەدا.

بۆ نمونە لە داواین هەڵبژاردن پێشوەختی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە (2021/10/10)ی بەڕێوە چووە ئاستی بەشداری هاوڵاتیان لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان نزمترین ئاستی بەشداری تۆمارکرد، بەجۆرێک؛

- لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر ڕێژەی بەشداری (46%) تۆمار کرا.
- لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی ڕێژەی بەشداری بە (37%) تۆمار کرا.
- لەسەر ئاستی پارێزگای دهۆک ڕێژەی بەشداری (54%) تۆمار کرا.

ئەو ڕێژانەش نزمترین ئاستی بەشداری هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانە بەراورد بە سەرجەم هەڵبژاردنەکانی (پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەنجومەنی پارێزگاکان) کە لە رابردوودا ئەنجام درابێت.

## نۆیەم: سەرهەڵدانی شەپۆلی کۆچی نایاسایی

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی کۆچبەرانی عێراق، بە ناونیشانی "ئەو عێراقییانەی کە بۆ دەرەوە کۆچیان کردووە" و لە مانگی نیسانی (2020) بڵاو بووەتەوە، لە سلێمانی ڕێژەی (23%)ی خەڵک بە ڕێژەی جیاواز لە (124) ناوچەی ئەم پارێزگایە بۆ دەرەوە کۆچیان کردووە؛ دواتر پارێزگای بەغدا دێت بە ڕێژەی (22%) و لە (122) ناوچەی جیاوازی ئەم پارێزگایە و، سێیەم ڕێژەیش تایبەتە بە پارێزگای دهۆک بە ڕێژەی (13%) کۆچکردن بۆ دەرەوە کە لە (72) ناوچەی ئەم پارێزگایە پێک دێت و، بۆ دەرەوەی کۆچیان کردووە. ئەوەی جێگەی سەرنجدانە، دۆخی ژیان و سەقامگیریی سیاسی لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و دهۆک بە بەراورد لەگەڵ پارێزگایەکی وەک دیالە و بەسرە باشترە، کەچی ڕێژەی کۆچکردن لەم دوو پارێزگایە زۆرترە بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی دیالە (1%) و بەسرە (4%).

توێژینەوەیەکی ئاکادیمی هەیە بە ناونیشانی "تایبەتمەندییەکانی کۆچبەرانی کوردستان و هۆکاری کۆچکردنیان" کە لە ساڵی (2020) بڵاو بووەتەوە و تایبەتە بە شەپۆلی کۆچی کوردستانیان لە ساڵی (2014 – 2015)، بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و داگیرکردنی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەلایەن چەکدارانی داعشەوە. بەڵام ڕاپرسییەکە لە دوای نەمانی شەڕی داعش ئەنجام دراوە و لە ڕاپرسییەکەی ئەم توێژینەوەیەدا (80%)ی بەشداربووان تەمەنیان لە نێوان (20 بۆ 29) ساڵە و (85%)ی بەشداربووان سەڵتن. نزیکەی (50%)ی بەشداربووان، داهاتیان لەژێر (300 هەزار) دینار لە مانگێدایە کە ئەمەیش داهاتێکی زۆر کەمە. لە ڕاستیدا ئەم داهاتە کەمە بەشی بژێوی ژیانی مانگانەی تاکەکەسێک ناکات و دەبێتە هۆکارێک بۆ کۆچکردنی گەنج بەرەو هەندەران. بەپێی هەمان توێژینەوە هەرچی سەبارەت بە کۆچە، ئامارەکانی حەزکردن بۆ کۆچ بۆ دەرەوە جیاوازە. لە پارێزگایەکی وەک سلێمانی ڕێژەی (60%)ی بەشداربووان لەو بڕوایەدان ئەگەر دەرفەت بڕەخسێت، بۆ دەرەوە کۆچ دەکەن؛ لە دهۆک ڕێژەی (30%) و لە هەولێریش (24%) بەشداربووان بیر لە کۆچکردن دەکەنەوە.

## هۆکارەکانی کۆچ لە کوردستان

دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان لە دوای شەڕی داعش، ڕووبەڕووی بارودۆخێکی سەخت بووەتەوە کە هاوکات بوو لەگەڵ بڕینی بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکوومەتی بەغداوە؛ ئەمە سەرەڕای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، کە ئابووریی جیهانی تووشی داڕمان کرد و نرخی نەوت، کە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی کوردستانە، بۆ کەمتر لە (20) دۆلار لە ساڵی (2020) دابەزی. زیاد لەمەیش لە ساڵی (2013) تا ئێستا بەفەرمی هیچ کەسێک لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دانەمەزراوە، کەچی لەم ماوەیەدا پتر لە دوو سەد هەزار قوتابیی زانکۆ خوێندنیان تەواو کردووە و چاوەڕوانی دۆزینەوەی دەرفەتی کارکردنن؛ تەنیا ئەوە نەبێت کە لەلایەن کابینەی هەرێمی کوردستانەوە بڕیارێک دراوە کە سێ یەکەمەکانی دەرچووی زانکۆ لە ساڵانی (2016 – 2017) دابمەزرێن، لە کاتێکدا ساڵانە نزیکەی (50 هەزار) کەس لە زانکۆ بڕوانامە وەردەگرن. گرفتی سەرەکی ئەوەیە کە کەلتوورێک بەرهەم هاتووە کە ئەو کەسانەی بڕوانامە وەردەگرن، هەموو جۆرە کارێک ناکەن و چاوەڕێی ئیشی ئۆفیسی دەکەن؛ چونکە بەو ژینگەیە ڕاهاتوون و چاوەڕوانی دامەزراندن لە کەرتی حکوومی دەکەن.

ئەگەر سەیری گەشەی ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بکەین، مەترسییەکان بۆ داهاتوو زۆرتر ڕوون دەبنەوە. تا ساڵی 2025، ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەگاتە نزیکەی حەوت ملیۆن کەس کە نزیکەی سێ ملیۆن کەس لەم ڕێژەیە گەنجن. بەگوێرەی پێشبینییەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2020 تا 2040 دانیشتووانی هەرێم (2.7 ملیۆن) کەس زیاد دەکات و لەو ڕێژەیە ئەوانەی لەناو تەمەنی (15–24) ساڵین، بە ڕێژەی (12%) لە دەیەی یەکەم (2020 – 2030) زیاد دەکەن و، لە دەیەی دووەم ڕێژەکە (10%)ی دیکە زیاد دەبێت. تەمەنی هێزی کار (15 – 64) لە دەیەی یەکەم، (27%) زیاد دەبێت و لە دەیەی دووەم دەبێتە (21%).

ئەم چارت و خشتانەی خوارەوە هۆکارەو ئامارەکانی کۆچ نیشان دەدات لە هەرێمی کوردستان.



هۆکارەکانی کۆچ لە هەرێمی کوردستان
ناسەقامگیری سیاسی
نەبونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی
نەبوونی متمانە بە بەرپرسان
کەمی خزمەتگوزاری
نەبوونی دەرفەتی کاری گونجاو
خراپی باری ئابوری
شەڕی داعش
خۆشگوزەرانی و سەرنج ڕاکێشانی ئەوروپا
کێشەی خێزان
خوێندن
46
42
40
33
26
24
23
17
5
0
0
10
20
30
40
50




هۆکارەکانی کۆچکردن
JINHA
خەڵکی وڵاتەکانیان جێدەهێڵن بەهۆی نەبوونی کار و دەست نەکەوتنی بژێوی ژیانی شایستە
قەیرانی ئابووری
بەهۆی نا ئارامی و نا سەقامگیری ژیان کە لە ئەنجامی جەنگ و ململانێکانەوە دروست دەبێت
بارودۆخی سیاسی
بەهۆی نا سەقامگیری بارودۆخی کۆمەڵایەتی هاوڵاتیان و بارودۆخی نا هەموار کە خەڵکی تێی دەکەون
بارودۆخی کۆمەڵایەتی




**ئاماری قوربانیانی کۆچ**

| ساڵ | گیان لەدەستدان | بێ سەرو شوێن |
|---|---|---|
| 2015 | 25 | 7 |
| 2016 | 78 | 54 |
| 2017 | 29 | 67 |
| 2018 | 54 | 18 |
| 2019 | 17 | 20 |
| 2020 | 57 | 10 |
| 2021/8/1 – 1/1 | 10 | 12 |
| کۆ | 270 | 188 |

**ژمارەی کۆچبەرانی عێراق هەرێمی کوردستن بۆ سەروو (18) ساڵ، ئەوانەی داوای مافی پەنابەرییان کردووە**

| ساڵ | ئەوانەی داوای مافی پەنابەرییان کردووەبۆ سەروو (18) ساڵ |
|---|---|
| 2014 | 68,148 |
| 2015 | 186,422 |
| 2016 | 160,717 |
| 2017 | 92,691 |
| 2018 | 69,203 |
| 2019 | 20,047 |
| 2020 | 53,000 |
| 11/8/2021 | 42,700 |
| کۆ | 624,780 |

## دەیەم: دابەزینی ڕێژەی هاوسەرگیری و بەزبوونەوەی ژمارەی لێکجابونەوەکان

**پاڵپشت بە داتاو ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان ساڵانی (2009 – 2014)، واتە لە ماوەی (14) ساڵی ڕابردوودا؛**

لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان (658 هەزار و 795) پرۆسەی هاوسەرگیری تۆمارکراوە کە (618 هەزار و 795) حاڵەتیان ڕاستەوخۆ لە دادگاکان تۆمار کراون (40 هەزار و 180) حاڵەتیان مارەبڕینی دەرەکی بوونەو لە دادگا پەسەندکراون. واتە بە تێکڕا؛ ساڵانە (47 هەزار و 70) حاڵەت، مانگانە (3 هەزار و 922) حاڵەت و ڕۆژانە (129) مارەبڕین تۆمارکراون.

هاوکات لە ماوەی (14) ساڵی ڕابردوودا (104 هەزار و 913) خێزان هەڵوەشاونەتەوە، واتە؛ بە تێکڕا؛ ساڵانە (7 هەزار و 494) حاڵەت، مانگانە (624) حاڵەت و هەموو ڕۆژێک زیاتر لە (20) حاڵەتی تەڵاق تۆمارکراوە. ساڵی (2022) بەرزترین ڕێژەی تەڵاقی تێدا تۆمارکراوە.

ئەگەر لە بە وردی لە ئامارەکان بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێت، سەرەڕای بەردەوامی بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوان لە هەرێمی، نەک هەر ڕێژەی هاوسەرگیری زیادی نەکردووە، بە پێچەوانەوە لە سەرجەم ساڵانی (2014 – 2022) هیچ کات ڕێژەی هاوسەرگیری نەگەیشتووە بەو ئامارەی لە ساڵانی (2012 و 2013) تۆمار کراون، کە بەشێکی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕاوەستانی پێشینەکان بەتایبەتیش (پێشینەی هاوسەرگیری) کە لە ساڵی (2014)ەوە ڕاوەستاوە.

بە پێچەوانەی ئامارەکانی هاوسەرگیری، ڕێژەی هەڵوەشانەوەو لێکجیابوونەوەکان ڕووی لە هەڵکشانکردووە، کە دۆخی ئابوری خێزان لە پاڵ هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە هۆکارێکی ترە بۆ ئەو هەڵکشانە لە ڕێژەی بەرزبوونەوەی لێکجابوونەوەی خێزانەکان لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کە لە خوارەوە بە ڕونی ئاماژە بە داتاکان کراوە.

## داتاو ئامارەکانی هاوسەرگیری و هەڵوەشانەوەی خێزان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان 2009 – 2022

1. هاوسەرگیری (مارەبڕین)؛ پاڵپشت بە داتاو ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لە ماوەی (14) ساڵی ڕابردوودا سەرجەم ئەو گرێبەستانەی بەمەبەستی هاوسەرگیری لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان بە فەرمی تۆمار کراون ژمارەیان (618 هەزار و 795) گرێبەست بوونەوە بەزترین ئاستی ژمارە مارەبڕین لە ساڵی (2012) تۆمار کراوە کە بریتی بووە لە (56 هەزارو 2) حاڵەت، کەمترین حاڵەتیش لە ساڵی (2016) تۆمار کراوە کە ژمارەکەی بریتی بووە لە (31 هەزار و 183) حاڵەت. (بڕوانە خشتەو چارتی ژمارە (1)).
هاوکات هەر بەپێی داتاکان (پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی) کە بریتین لەو مارەبڕینانەی لە دەرەوەی دادگا ئەنجامدراون و دواتر لە دادگاکان تۆمار کراون لە ماوەی ساڵانی (2009 – 2022) ژمارەیان بریتی بووە لە (40 هەزار و 180) حاڵەت بۆ وردەکاری بڕوانە (خشتەی ژمارە (1) و چارتی ژمارە (2)).
کەواتە سەرجەم ئەو مارەبڕینانەی لە ناو و دەرەوەی دادگا ئەنجام دراون پێکەوە ژمارەیان (658 هەزار و 975)، بە تێکڕای ساڵانە دەکاتە (47 هەزار و 70) حاڵەت و مانگانەش دەبێتە (3 هەزار و 922) حاڵەتی مارە بڕین و بە تێکڕای رۆژانەش (129) حاڵەت دەبێت. وەک لە خشتەی ژمارە (1) رونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (1)**

**ئامارەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری و لێکجیابوونەوەی خێزان و هێنانی ژنی دووەم**
**لە هەرێمی کوردستان لەساڵی 2009 – 2022**

| ساڵ | هاوسەرگیری (مارەبڕین) | پەسەندکردنی مارەبڕینی دەرەکی | جیابوونەوە (تەڵاق) | ڕێگەپێدان بە ژنی دووەم |
|---|---|---|---|---|
| 2009 | 40,547 | 3,728 | 4,237 | 288 |
| 2010 | 39,414 | 3,026 | 3,728 | 297 |
| 2011/9 | 36,936 | 2,328 | 2,719 | 41 |
| 2012 | 56,002 | 4,851 | 6,079 | 53 |
| 2013 | 52,749 | 3,513 | 6,417 | 62 |
| 2014 | 47,444 | 3,305 | 8,777 | 75 |
| 2015 | 39,602 | 3,085 | 8,105 | 108 |
| 2016 | 31,183 | 1,743 | 5,814 | 239 |
| 2017 | 37,507 | 1,260 | 5,729 | 41 |
| 2018 | 39,763 | 3,001 | 9,192 | 89 |
| 2019 | 42,505 | 2,797 | 10,883 | 84 |
| 2020 | 44,410 | 1,619 | 7,566 | 66 |
| 2021 | 54,837 | 2,855 | 11,699 | 101 |
| 2022 | 55,896 | 3,069 | 13,967 | 81 |
| **کۆ** | **618,795** | **40,180** | **104,912** | **1,625** |
| | **658,975** | | | |
| **تێکڕای ساڵانە** | **47,070** | | **7,494** | **116** |
| **تێکڕای مانگانە** | **3,922** | | **624** | **10** |
| **تێکڕای ڕۆژانە** | **129** | | **20.5** | **0.3** |


DRAW
چارتی ژمارە (1)
ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری (مارەبڕین)
لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان 2009 - 2022
60,000
50,000
40,000
30,000
20,000
10,000
0
40,547
39,414
36,936
56,002
52,749
47,444
39,602
31,183
37,507
39,763
42,505
44,410
54,837
55,896
2009
2010
2011/9
2012
2013
2014
2015
2016
2017
2018
2019
2020
2021
2022




